سەرچاوە
Serchawe





# توێژینەوەیەک لەسەر ئایین و باوەڕییەکانی زەردەشتی

لێکۆڵینەوە و نووسین: ئاریێز ئەندەریاری

------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# توێژینەوەیەک لەسەر ئایین و باوەڕییەکانی زەردەشتی

لێکۆڵینەوە و نووسین - ئاریێز ئەندەریاری

## ناوەرۆک:

١- بۆچی ئاگر؟
٢- ١٠ خاڵی سەرەکی باوەڕمەندی(Religious) بە ئایینی بەهی
٣- چۆنیەتی بوونە زەردەشتی:

- بە چ شێوازێک تێکەڵ بە خانەوادەی گەورەی زەردەشتیانی کوردستانی بین؟
- سێ پێویستی گرینگ و بنچینەیی
- باوەڕی دەروونی
- دەرکەوتی دەرەکی
- بەرز نرخاندنی پەیمانە کۆمەڵایەتی وبەرێوەبردنیان
- کام کۆڵەکە دەبێت لە لایان زەردەشتیانەوە لەسەریان پێداگری لەسەر بکرێت:
- جیاوازی ئایین لە سیاسەت
- خۆپاراستن لە دژایەتی ئایینی
- پەژراندنی ئەرکی کۆمەڵایەتی و کاری هەرەوەزی (کۆمین)

٤- جەژن و نەریتەکانی زەردەشتی:
- جێژنی فەروەردینگان
- جێژنی ئۆرودیبێهشتگان
- جێژنی خۆردادگان

- جێژنی تیرگان
- جێژنی ئامۆردادگان
- جێژنی شەهریوەرگان
- جێژنی مێهرگان
- جێژنی ئابانگان
- جێژنی ئازەرگان
- جێژنی دەیگان
- جێژنی بەهمەنگان
- جێژنی ئێسفەندگان یان "جێژنی ژنان"
- جێژنی نەوەرۆز
- جێژنی شەوی چلە( یەڵدا)
- جێژنی سەدە
- جێژنی سێزدەبەدەر
- جێژنی چووارشەممە سووری

٥- نماز زەردەشتی

٦- ڕێوڕەسمی سەدەر پۆشی(بەروانک بەستن)

٧- ڕێوڕەسمی پشتێن بەستن

٨- ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لە ئایینی زەردەشتیدا:

- پەیماننامەی هاوسەرگیری
- کۆسپەکانی هاوسەرگیری
- دەرفەتی هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی هاوسەرگیری یان ڕەهایی
- چۆنیەتی خوازبێنی کردن

٩- سەرچاوەکان

## بۆچی ئاگر؟

ئاگر لە درێژایی مێژووی مرۆڤ بە گشتی و ئارياييەكان بە تايبەتی ڕێزی لێ گیراوە، ئاگر سەرچاوەی پاكی و خاوێنيی و ڕۆشنايی بووە، ئاگر لەناو دەقەكانی ئاڤێستا، بە ياريدەدەری سپەنتامينوو و دوژمنی ئەهريمەن و دێوەزمەكان دەناسێنرێت، هەر پێنج كاتيشەوانە ڕۆژ بە هەڵگيرساندنی ئاگری پيرۆز لە ئاگرخانە كاندا، ڕاز و نياز و نوێژلە لايەن مۆغەكانەوە بەڕێوە چووە.

لەگاتاكاندا (یەسنا - هاتی ٤٣ - خاڵی ٩) هاتووە كە "ئاگر هێمای ئەهورامەزدایە".

ئاگر لە ناوڕێچكەی ئايينی زەردەشتی سەمبولی ڕاستييە، لەبەرئەويكە تەنها تۆخمێكە پيسی و گەندەڵی بە خۆيەوە هەڵناگرێ و بەردەوامبۆ لای سەرەوە گڕ دەگرێت و بەرز دەبێتەوە. بێ شک هەڵوێستی زەردەشت و كوردەكان، لەمەڕ ئاگر وروونـاكی، ڕوون و ئاشكرايە و جێی هيچ قسە يەک نيیە، لە ڕوانگەيەكيديكەوە، ڕێز و حورمەتی ئێمە بۆ ئاگر و ڕۆشنايی، هيچ گومان و چەواشەييەک بەخۆوە هەڵناگرێ. بانگەوازەكەی زەردەشت بۆ ڕێز گرتن لە ئاگر، بە مەبەستيستايش كردن و ڕێز لێنانە، نەک پەرستش كردن، لەو لاشەوە، ئاگر جێنشينی ئەهورامەزدا، نەكراوە، كە شياوی پەرستش بێت، بەڵكوو، ئاگر، ديارده وخوڵقێندراوێكی پاک و بە هێزە لە لايەن ئەهورامەزدا.

كورد پێش چاخی زەردەشت، ميترائی و ڕۆژپەرست بووە، واتە، چۆن ڕۆژ،سەرچاوەی ڕۆشنايی و پاكی بوو، لايان بەڕێز و خۆشەويست بووە، تا ڕادەيەک كەبە ناوی ڕۆژپەرست ناوبانگيان دەركردووە.

### ئاگر سەمبولی شوناس وناسێنەری زەردەشتيەكانە نەک خوای زەردەشتيەكان

هەر لە كۆنەوە مرۆڤ كە بيری لە پێكهاتەی جيهان كردووەتەوە، پێی وابوە كە ئەم جيهانە لە چوار توخم (Four Elements) پێک هاتووە:

١- زەمين Earth
٢- ئاو Water
٣- هەوا Air
٤- ئاگر Fire

سێ لەو چوار توخمە واتە، خاک و با و ئاو، پیس و ئالوودە دەبن. هەر سێکیان هێزی کێشەری زەوی (EarthGravity) ڕایاندەکێشێ. لەو نێوەندەدا ئەوەی نەک پیس و ئالوودە نابێت بەڵکوو شتە پیسەکانیشی پێ پاک دەکەنەوە، ئاگرە. ئاگر لەگەڵ ئەوەدا کە توخمێکی پاک کەرەوەیە، هێزی زەویش نەک پەلکێشی ناکات بەرەو خۆی بەڵکوو بەردەوام لە هەڵکشاندایە بەرەو ئاسمان. هەر بۆیەش هەڵکشانی بەردەوامی ئاگر وەک هێزێکی پاککەرەوە بەرەو ئاسمان نیشانەی هەڵچوونی ڕۆحی پاک و بێ خەوش و بێ تاوانە بەرەو سەرچاوەی خۆی واتە ئاهوورا.

لە لایەکی دیکەشەوە، یەکێک لە بنەما باوەڕییەکانی ئایینی زەردەشت بوونی دوو هێزی دژ بە یەکە، واتە ئەهریمەن و ئەهورامەزدا. تاریکی هێمای ئەهریمەنە و رووناکی هێمای ئەهۆرامەزدایە.

دەبینین، لە نێو چوار توخمە پێکهێنەرەکەی جیهاندا، سێیان تاریکن. تەنیا ئەوەی رووناکە، ئاگرە. ئاگریش بەردەوام لەگەڵ تاریکیدا لە شەڕێکی نەبڕاوەدایە. هەرووەک ئێستاش دەڵێن: تاریکترین شەویش ناتوانێ تەنانەت تیشکی مۆمێک بشارێتەوە. ئاگر هێمای شەڕی دەسەڵاتی ڕاستییە بەسەر تاریکی و درۆیدا.

باوەڕمەندی (Religious) بە ئایینی بەهی لەسەر ئەم ١٠ خاڵەی خوارەوەیە:

١- باوەڕ بەبوون و یەکتایی ئاهوورا مەزدا
٢- ڕاسپێردراوی و پێغەمبەری ئەشوو زەردەشت
٣- پەیڕەوی کردن لە ئەشا، (ئەشا مانایەکی بەرینی هەیە کە هەندێک جار وەک ناوەرۆکی گشتی دینی زەردەشتییەتە. ئەشا بە مانای ڕاستی و درووستی؛ بەواتایەکیتر یاسایەکی نەمر و هەتاهەتاییە کە ئاهوورامەزدا دایناوە کە بە پێی ئەوە هەچ کردەوەیەک، دژکردەوەی بەدوواوە دێت، یان هەر کردەوەیەکی چاک یان خراپ پاداشت یان کەفارەی بەدوواوە دێت. بەو شێوە ڕێک وپێکیەی لە سرووشتدا هەیە" ئەشا" دەڵێن) واتە ڕاستی و پاکی تەنیا ڕێگای ڕزگار بوونی مرۆڤەکانە.
٤- ڕێڕەوی کردن لە هزر و ژیری و نێرین لە ژیاندا
٥- خۆپاراستن و زاڵ بوون بەسەر دەروون (ڕۆح) و تێکۆشان لە دژی خراپە
٦- لەسەر خۆیی و مێهرەبانی و ئەوینی پاک بۆ سەرجەم ئافرێنراوەکان
٧- گەیشتن لووتکەی مادی و مەعنەوەی لە ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشان لەم جیهانەدا
٨- نەمری ڕەوان و مانەوەی هەستی لە دووای مەرگ
٩- پاداشی کارە چاکەکان و کەفاراتی کردارە خراپەکان، بەهەشت و دووزەخ
١٠- ژیانەوە

ئەمانە بنەما و کۆڵەکەی ئایینی بەهیە و هەر تاکێکی مەزدەیەسنی پێویستە بۆ تێگەیشتنی قوول لە دینەوە بگاتە پێناسەی تەواو لە ئاهوورا مەزدا.

پەیڕەوی کردن لە سێ ئامۆژگاری نەمر" هزری ڕووناک، وتەی باش، کرداری چاک" کە لەلایەن پێغەمبەری کورد بنیادنراوە، سەرچاوەی ژیانی هەموو بەهدینەکانە.

## چۆنیەتی بوونە زەردەشتی!

### هەمووان ئازادن کە خۆیان زەردەشتی، بەهدین،مەزدەیەسنی بزانن و ناو لێبنن.

زەردەشتی بوون، پێش هەموو شتێک، وشیاریە لە باوەڕێکی قووڵ و دەروونی بە باشترین ڕاستی و درووستی؛ زەردەشتیەک لەو باوەڕەدایە کە ڕاستی باشترین چاکە و خوڵقێنەرە بەڵام درۆ، وێرانگەری گیان و جیهانە. بەختەوەری ئەو لەگەڵ بەختەوەری تاکەکانیتر تەواو دەبێت. بۆ ئەو جیهان یەکە واتە هەر چییەک هەیە تێکەڵاوی یەکترە و چارەنووسی یەکێک لە چارەنوسی ئەوانیتردا کاریگەری دەبێت.

زەردەشتی بوون، پێش هەموو شتێک، وشیاریە لە باوەڕێکی قووڵ و دەروونی بە باشترین ڕاستی و درووستی؛ زەردەشتیەک لەو باوەڕەدایە کە ڕاستی باشترین چاکە و خوڵقێنەرە بەڵام درۆ، وێرانگەری گیان و جیهانە. بەختەوەری ئەو لەگەڵ بەختەوەری تاکەکانیتر تەواو دەبێت. بۆ ئەو جیهان یەکە واتە هەر چییەک هەیە تێکەڵاوی یەکترە و چارەنووسی یەکێک لە چارەنوسی ئەوانیتردا کاریگەری دەبێت.

ئاو ، با ، ئاگر و خاک و هەر چییەک لەوانە درووست بووە، بە ئەهوورایی دەزانێت و لە چەپەڵی و لەناوچوونی ئەوانە کە لە ناو چوون و چەپەڵ بوونی خویە، دووری دەکات. ڕوەک و بوونەوەران بە چەرخەی بوون دەزانێت و ئازاریان نادات چونکوو ئاسەوارەکەی ئازاردانی خۆی و جیهانە.

زەردەشتی ستایشی ژیری دەکات، ژیریەک کە لە قووڵیی بوونیەوە دەستپێدەکات و پێی باشە. لەو ڕووەوە پێشی دەڵێن" مەزدەیەسنی" واتە ستایشکەری زانست و ژیری. ژیرییەک کە لە کۆمەڵگەی ئەودا بە شێەیەکی کۆ، بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەندیشە باشەکانیتر، ژیانی ئەو بەرەو باشە دەبات و ڕێکخی دەخات، ڕێکخستنێک کە بەختەوەری خۆی و هەمووانی

بەدوواوە دێت.

ئەگەر ئێوەش وا بیر دەکەنەوە باوەڕ، وتە و کردەوەکانتان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، ئێوەش یەک زەردەشتی و مەزدەیەسنییەک یان ستایشگەریکی زانست و زانیاری و ژیرین.
ئەمە پێناسەیەکی راستین و هەلبژاردنێکە لەسەر بنەمایەکی ڕاست، لە ئەنجامدا کرداریکی تاکییە.

زۆرینەی کوردان، کە وا دایکان و باوکانیان لە کات و شوێنێکدا و بە هۆی رووداوی جیاوازەوە ( جار نا بە هۆی زۆرەوە ) لە ئایینی زگماکی خۆیان دوورکەوتنەتەوە و شوێن ئایینێکی تر کەوتوون، لەم چاخەدا چاوانیان بە رووی راستیەکان، ڕووناکی نەریت و ئایینی مێژووی خۆیان کراوەتەوە و دەخوازن بگەڕێنەوە بۆ ڕاستی خۆیان.

زۆربەی هاوڵاتیان لەوانەیە زۆر ڕێگایان لەبەردەمدا بێ هەتاکوو گیان و دەروون خۆیان لە پیسایی هزاران ساڵ پاکژ کەنەوە بەڵام هەروەها کە گوترا ئەمە ڕەوت و پێواژۆیەکە و جوان وایە ڕێگا ببینرێتەوە و روناکی خۆی بنوێنێت. ڕێبوار بۆ خۆی ڕێگا ببینێتەوە و بەرەو ئامانج وئامانجگە ببێتەوە.

هەموو خۆشەویستانی هاوزێد و هاو باوەڕیش ئازادن کە خۆیان زەردەشتی/بەهدین/مەزدەیەسنی بزانن ئەو ناوانە لە خۆیان بکەن و بۆ کەسیش نییە لە سەر بنەمای ئازادی جەوهەری مرۆڤ لێیان بپرسێتەوە.

لەلایەکی کەشەوە بە ئازادیەوە و بۆ ئەوەی کە ئەم ئازادیە لە چوارچێوەی ڕاستی و چاکەدا بمێنێتەوە، شیاوە کە هەر کەسێک وەڵامدەری هزر و گوتەی هەڵبژێراوی خۆی بێت.

'ئازادی بە واتای بێ بەند ومەرج و گێرەشێوێنی نییە، کە ئەگەر وا بێت دنیا تێک دەدا. بەدینەکی ئازاد، مرۆڤێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتووە کە وەڵامدەری هەڵسوکەوتی خۆیە و ئەرکی کارەکانیشی لە ئەستۆ دەگرێت و زەوین و زەمەن و خەڵکی بەرپرس نازانێت. مەزدیەسنا باوەڕی بیرمەندان و پێگەیشتووانی نەریتیە.'

ئیتر بەسە هەرچی خۆمان ، هزر و ژیانی و داهاتوومانە بدەینە دەست خەڵکی دیکەوە، ئەویش دژمنەکانمان و کڕنۆش بۆ ئایینە بیانی و نا خۆیەکان بردن. باوەریەک کەوا مرۆڤ بە بیری ناوێت و تەنیا کۆیلە و مەڕی دەوێت کەوا سەر لە ژێر بێت و تەنانەت ئەگەر ویستیان سەریشی ببڕن دەنگ نەکات.

زەردەشتیەک سەربڵیند و سەر بەرزە بەوەی لە کەشکۆڵی دابونەریت و ئایینی و مێژووی ئاکاری خۆیدا هەیە و مرۆڤێکی ئازادە کە سەر لە ئاستانی نەزان و دز و هۆڤان دانانەوێنێت.کە وا بوو سەر بڵیند بین و خۆمان بە کورد و زەردەشتی/بەهدین/مەزدیەسنی بزانین و بە نێو بکەین.

### چۆنی تێکەڵ بە خانەوادەی گەورەی زەردەشتیانی کوردستانی بین؟

ئەمە پرسیارێکە زۆرینەی ئەو کەسانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە داوێنی ئایینی زگماگی بیری لێ دەکەنەوە.
بۆ تێپەڕین لە قۆناغی پەژراندن و وەرگرتنی کۆمەڵایەتی لە ئایینی زەردەشتیدا،کەهەرئەو "سدرەپوشی" یە، دەبێت شەرتی شوێنی و زەمەنی لە بەر چاو بگرین و لەوێدا کە ناکرێت، پێویست نییە بکرێت تا کاتێک هەلومەرجی لەباربوو.

بەم هۆیەوە هەرکەسێک کە پەیامی زەردەشتی پێگەیشت و لەبەرانبەر ویژدانیدا هەڵیبژارد زەردەشتی بێت ئەوە زەردەشتیە و دەتوانێت خۆی بە زەردەشتی بزانێت تەنانەت ئەگەر لە لایان کۆمەڵگاوە نەهاتبێتە ناسین.

بۆ چوونە ناو کۆمەڵگاوە وەک زەردەشتیەک، هەرکات کە بە شیاو بزانێت دەتوانێت خەڵکی هۆشیار بکاتەوە و ئەگەر لەبار بوو لە رێگەی کەسێکەوە کەوا بە پێ یاسا کۆمەڵایەتیەکان ئیزنی بە رێوە بردنی ئاهەنگی"سدرەپوشی" پێدراوەبەشێوازێکی فەرمی دەتوانێت ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت دەنا لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هاو بیران و هاوویژدانەکانیدا ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی وەک زەردەشتیەک بەرێوە دەبات تاکو لە یەکەمین فرسەتی شیاو دا ئاهەنگی پشتوێن بەستن بەرێوە ببات و تێکەڵ بە ماڵباتی مەزنی خۆی ببێت.

بەڵام بۆ ئەوەی بەشدار بوونی لە لایان ماڵباتەوە پشتیوانی لێبکرێت، دەبێت ئەو پێویستیانەی کەوا ماڵباتی زەردەشتیان بۆ بەرێوە بردنی کۆمەڵگای خۆیان خوازیارن، لە لایەن (تازە) بەهدینەوە بپەژرێت وبەرێوە ببرێت تا سامان زەردەشتیان ئاڵۆز نەبێت و پێوەندی تاکەکان تووشی... نەبێت.

ئێستا تۆزێک قووڵترسەیری ئەم وتە دەکەین و سێ پێویستی گرینگ و بنچینەای:

**١- باوەڕی دەروونی**
**٢- دەرکەوتی دەرەکی**
**٣- بەرز نرخاندنی پەیمانە کۆمەڵایەتی و بەرێوەبردنیان**

### ١- باوەڕی دەروونی

خودای زەردەشت زاناترین و تواناترینە. ئەهوورا مەزدا خودای تاقانەیە، مرۆڤی بیرمەند ئافراند و ئازاد هێشتیەوە تاکوو بە هەڵبژارتنی ڕێگای دروستی ژیان، خۆی لێ نزیک بکاتەوە و بە وێنەی خوداکان بژیت.

مرۆڤ ئەگەر هزری پاک (وهومن) هەڵبژێرێت ولەگەڵ یاساکانی دنیا، ئاسمان و سرووشت، کە پێیان دەگوترێت " ئەشا" هاوئاهەنگ بێت و دواتر بە پەرچ دانەوەی ئەندێشەی چەپەڵ و ناپەسەند و زاڵ بوون بە سەر ئاژۆبە هەستەوە، کردەوەی چاک(خشترا) پیشە کات، دەگاتە دڵنیای دەروونی یا "آرمئیتی" و ئەگەر ئەم دڵنیا بوونە بەردەوام بێت، مرۆڤ لە ڕەهایی یا "هوروتات" نزیک دەبێتەوە و هەرچەندە مرۆڤ لە لووتکە وترۆپک نزیک بێتەوە لە مردن دوورتر دەبێتەوە و ئەگەر لە لووتکە بێت، هەتا هەتایە دەژیت ودەگاتە بێمەرگی (امرتات). لەم قۆناغەدا مرۆڤی چووکە و بێ توانای سەرەتا، خوداسان دەبێت.

مرۆڤ بە هەڵبژارتنی ڕێگای ئەشا (ڕاستی و دروستی) و دەربازکردنی، خۆ بە خۆ دەکەوێتە بەرەی شەڕلە گەڵ چەپەڵی وخراپییەکان. ئەم پێکدادانە لە شێوازی شەڕی ڕووناکی و تاریکی، زانست و نەزانینە. ساناترین و پەلەترین واتایەک کەوا لە شەڕ لە بیری ئێمە خەڵکی سەردەمی توند و تیژیەکان دا دێت، پێکدادان، خوێنڕژتن و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژانەیە. ئەگەر ئەم ڕوانینە بۆ توندوتیژی بپەژرێنین، پێویستە تاقمێک لە بەرەی ڕووناکیدا ڕاوەستن وبەرەو تاریکی تیر بهاوێژن و بەم کارەی خۆیان دڵخۆش بن کەوا تاریکی لە نێو دەڕوات و یان ئەوەی بۆ لە ناو بردنی نەخوێندەواری دەبێت هەموو نەخوێندەواران بێنە سەر بڕین.

ڕێگای بەرەنگار بوونەوەی تاریکی هەڵگیرساندنی چرایەکە و زۆرکردنی ڕووناکیەکەیە تا تاریکی واتای خۆی لە دەست بدات. ڕێگای لە ناو بردنی نەخوێندەواری پەرە پێدانی خوێندنە نەک تەفروتوون کردنی نەخوێندەواران.

زەردەشت ئێمە فێری توند وتیژی و شەڕ ناکات. هیچ شەڕێک براوەی نییە. شەڕ قەت نەیتوانیوە کێشەیەک چارەسەر بکات بەڵکوو بۆ خۆی کێشەی تازەی ئافراندووە. هەموو شەڕێک لە ئاکامدا بە ئاشتی/ئاگربەس دەگات. هیچ شەڕێک و لەناو بردنێک هەتە هەتای نییە، کەوا بوو بۆ دەرمانی دەردەکانی مرۆڤایەتی تا ئەو جێگایەک کە دەکرێت دەبێت خۆ لە شەڕ لادەین، بەڵام ئەم گوتە بە واتای بێ بەرگری بوون نییە. لە ئایینی زەردەشت دا ڕێکخراوێک بۆ شەڕنانەوە نییە بەڵام

ڕێکخراوی بەرگری هەیە، چونکوو هەموو کات نەزانان و خاڕپ بیرانێک هەن کوو شەڕ بەسر خەڵکی دا دادەسەپێنن. کە ئەگەر وا بوو دەبێت خۆپپارێزین و شەڕخواز بەرەو ئاشتی و ئارامی بەرین.

ارمیتی (ئارامش) نزیکترین و بەرچاوترین دەسکەوتی راهێنانەکانی زەردەشتە. ئاوا کردن تەنیا لە ئارامشدا دەبێت. پێش نیازی پەرە و مەزن بوون ئارامشە. ئاواکردنی دنیایەکی پڕاوپڕ لە ئاشتی ومرڤایەتی بە تەنیا لە پێناو ئاشتیدا مسۆگەر دەبێت. ئارامش مسۆگەر نابێت مەگەر ئەوەی کە مرۆڤەکانخشترا(کردەوەی چاکە) لە پێش گرن ولە گەڵ ئەشا (سامان و نەریتی سرووشتی) هاو ئاهەنگ و هاو تەریب بن. تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن یاساکانی دنیا و سامانی سرووشتی کە بناغەی ڕاستی و دروستیە بپارێزن کەوهومن(هزری ڕووناک) یان هەڵبژارتبێت ڕووناک هزر بن.

کەوا بوو داهاتوو دنیا لە مێشکی مرۆڤەکاندا دێتە ئاراوە. ئەگەر مرۆڤەکان ڕووناک هزر بن، کەون وآخشیج (سرووشت، توخمی دنیا) مەزن بزانن و لە بەرانبەری ڕانەوەستن (قرێژ کردنی ژینگە، دژایەتی سرووشت) و بە کردەوە چاکە خۆیان مرۆڤایەتی بەرەو ئارامش بەرن، مرۆڤایەتی گەشە دەستێنێت و لە دنیادا دەگاتە ئاستی نەمری دەتوانێت بافرێنێت و هاریکاری کردگار بێت. کەوا بوو دەبینین کە لە هەر لایەکەوە بڕۆین و لە هەر گۆشەیەکەوە سەیری "چەرخی گەردوون" و " مرۆڤ و داهاتووی" بکەین سەر ئاخر دەگەینە "ئەمشاسپەندان" کە فەلسەفە و جیهان بینی ئایینی زەردەشتیە.

**ئەگەر ئێمە فەلسەفەی ئایینی زەردەشت بپەژرێنین لە دەروونەوە دەبینە زەردەشتی.**

### ٢- هێمای دەرەکی

ئەوکات کەوا مرۆڤ لە ناخی خۆیدا، بە ئەهوورا مەزدا و فەلسەفەی ئایینی زەردەشت باوەڕمەند بوو و ویستی لەم باوەڕمەندیەی خۆیدا لە گەڵ دیتران هاوڕێ بێت، پێویست دەبێت پەیمانی هاوسۆزی بە ئایینی بەهی و زەردەشتیان ڕابگەیێنێت.

"سدرە پۆشین" هێمای دەرەکی زەردەشتی بوونە. بە لەبەر کردنی سدرە و بەستنی پشتێن مرۆڤ هەم لە گەڵ خۆی و هەم لە گەڵ دیتران پەیمان دەبەستێت کە ڕێگای زەردەشت بگرێتە بەر. سدرە لە بەر کردن ژیانەوە و لە دایک بوونەوەیمینوی (واتادار ) لە ئایینی بەهی و ئافرێنەرە. لەبەر کردنی سدرە و بەستنی پشتێن هەنگاوی پراتیکی بوون بە زەردەشتیە.

## سێدرێە

سێدرە کراسێکی بێ ئێخە، بێ قۆڵ و بێ ڕازاندنەوەیە کە لە قوماشێکی سپی ڕەنگ. ئێخە و قۆڵی درێژ هەردووک هێمای خۆدەرخستنە و قۆلی درێژ و فرە لە ڕابردوودا کەرەستەی ناز و خۆنواندنی خاونی دەژمێردرا.
ساکار و سپی بوونی سێدرێە پیشاندەری ئەوەیە کە ئەوکەسە نایەوێت بە لە بەر کردنی بە پلەیەک بگات و بیکات بە ئامرازێک بۆ بەرزەفڕیەکانی خۆی.

سێدرێە، جلی پێنازین نییە. کنجی ساکار و پاکێکە کە پیشاندەری سادەیی و پاکیە و ڕەنگ و ڕیای تێدا نییە.
بە لە بەر کردنی ئەم کنجە ساکارە، سپی و پاک، مرۆڤ هاوتا و هاوئاهەنگی دەبێت. هاوڕەنگی زەردەشتیانی دیکە دەبێت و دەبێتە بەهدین.

## پشتێنبەستن

سێدرە کراسێکی بێ ئێخە، بێ قۆڵ و بێ ڕازاندنەوەیە کە لە قوماشێکی سپی ڕەنگ. ئێخە و قۆڵی درێژ هەردووک هێمای خۆدەرخستنە و قۆلی درێژ و فرە لە ڕابردوودا کەرەستەی ناز و خۆنواندنی خاونی دەژمێردرا.

ساکار و سپی بوونی سێدرێە پیشاندەری ئەوەیە کە ئەوکەسە نایەوێت بە لە بەر کردنی بە پلەیەک بگات و بیکات بە ئامرازێک بۆ بەرزەفڕیەکانی خۆی.

سێدرێە، جلی پێنازین نییە. کنجی ساکار و پاکێکە کە پیشاندەری سادەیی و پاکیە و ڕەنگ و ڕیای تێدا نییە.

بە لە بەر کردنی ئەم کنجە ساکارە، سپی و پاک، مرۆڤ هاوتا و هاوئاهەنگی دەبێت. هاوڕەنگی زەردەشتیانی دیکە دەبێت و دەبێتە بەهدین.

## ٣- پەیمانە کۆمەڵایەتیەکان

زەردەشتی، مرۆڤێکی ئازادە کوو بە بیرەوە، ڕێگای زەردەشت هەڵدەبژێرێت و بە سێدرێە پۆش بوون، چالاک بوونی خۆی لەم

ڕێگا دەر دەبڕێت. هەنگاو لە ڕێگایەک دەنێت کەوا بەختەوەری و ژیانێکی شاد بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکاتە ئامانجی خۆی. ئایینی زەردەشت، ئایینی تێکۆشانە. نە مەگەر دنیا لە پێناو کار و تێکۆشان ئاوەدان دەبێت و تەنیا لە پێناو کار و کردەوەی چاکدا مرۆڤ دەتوانێت بەروە ئاوەدان کردنەوەی دنیا بڕوات؟

ئایینی بەهی، ئایینی خەلوەت نشینی و ئەژنۆی خەم لە باوەش گرتن نییە و بێ هومێدی و نەگەتیڤ ڕوانین تێدا ڕێ نییە. داهاتوو، ڕووداوی ناخۆشی بێگەڕانەوە نییە. داهاتوو لە نێو دەستانی ئێمەدایە. ئەگەر تێبکۆشین ئاوا بکەین داهاتوو جوان دەبێت و ئەگەر بیری لێ نەکەینەوە و سستی بکەین سەرئەنجامێکی خراپمان لە بەرانبەر دەبێت.

بەرهەم هێنان و ئاوا کردن نوێ کردنی جیهان بە هاوڕای، هاودڵی و پێکەوە بوونی مرۆڤە ڕووناک هزرەکان، پاک گوتە و کردەوە چاک پێویستی هەیە، بەم بۆنەوە ئایینی بەهی، ئایینی کۆمەڵایەتیە.

وتمان کە سێدرێە پۆشین، کنجی هاوئاهەنگی و هاریکاری لە گەڵ ئاهوورامەزدا لە بەر کردنە و پشتێن، ناوقەد بەستن و دەربڕینی حازرەتی بۆ کار و ئەرکی سەرشانە.

هەر تازە بەهدینێک تێکۆشەرێکی چاکەخوازە کە لە "لەشکەری کاری چاکە"دا پێویستە جێ خۆی بدۆزێتەوە و هاو ڕا و هاودەنگ لەگەڵ هاوئایینەکانی بەرەو پێش بچێت. کەوا بوو پێویستە دەبێت ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی زەردەشتیان لە سەر پەروەردەی زەردەشت بێتە ڕێکخستن.

گوتە و کردەوەی هەر زەردەشتیەک لە چارەنووسی هاوئایینەکانی کاریگەری دەبێت. تاک ، بەرێ زەردەشتی بوون بەرپرسی کردەوەی باش و خراپی خۆیە و خەڵکیش کردەوەی چاک و باشی یانژی هەڵسوکەوتی چەوت و هەڵەی نا زەردەشتیەک لە سەر کۆمەڵگەی زەردەشتیان نانووسرێت. بەڵام کاتێک کە تاک هەڵبژارت ببێتە زەردەشتی، خودبەخود ئەندامێکی ماڵباتی گەورەی زەردەشتیانە و ئیدی هەموو دەرکەوتی کار و کردەوەکانی راستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبێتە سەر زەردەشتیانی دیکە، بۆیە بوون بە زەردەشتی نە تەنیا پێویستی بە " باوەڕی دەروونی" و " هێمای دەرەکیە" بەڵکوو بەرز ڕاگرتنی پەیمانە کۆمی و پارێزگاریانە. بێ گوتن دیارە کە پێکەوە بوونی کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان خودبەخود پێویستی بە هەندێک بناغە، هاوئاهەنگی و یاسا هەیە. بە بێ ئەم بنچینانە، پێکەوە نووسانی تاکەکانی کۆمەڵگایەک بەر بە گێرەشێوێنی دەڕوات و بە بەرانبەر یەکیان دادەنێ.

هەر بەم هۆیەوە "پەژراندنی پەیمانە کۆمیەکان" پێویستییێکی مەزنە. لە کۆمەڵگای نەریتی زەردەشتیاندا ئەم پێویستیە بە شێوازی نە نووسراو هەیە و دەمێکی درێژە کە زەردەشتیان توانیویانە بە بەرز ڕاگرتنی، خۆیان لە ناو چوون بپارێزن، چونکوو کۆمەڵگای زەردەشتی، کۆمێکی چکۆلە بووەکە نەتەنیا لە سەر پەروەردەکانی زەردەشت،....ولامدەر و هاو پەیمان لە گۆڕ کۆمەڵگابن

ئێستاکە بزانین کامە کۆڵەکە دەبێت لە لایان زەردەشتیانەوە لەسەریان ورد بوونەوە بکرێت:

* جیای ئایین لە سیاسەت
* خۆپاراستن لە دژایەتی ئایینی
* پەژراندنی ئەرکی کۆمەڵایەتی کاری کۆمین

## جیا بوونی دین لە سیاسەت

- ئایینی زەردەشتی، ئایینی دژایەتی و جیاوازی نییە. ژن و پیاو، دەوڵەمەند و هەژار، ڕەش وسپی و ... دەتوانن ببنە زەردەشتی. نەک ڕەنگی پێست، نە ڕەگەز و نە پلەی کۆمەڵایەتی تاکەکان و نە لایەنداری سیاسی کەسەکان هیچکامەیان هۆکاری پەژراندنی ئەم ئایینە نییە.

هەر وەها کە کرێکارێک، دوکتۆرێک، ئەندازیارێک، جۆتیارێک و هید دەتوانن ببنە زەردەشتی ڕامیارێکیش دەتوانێت ببێتە زەردەشتی و زەردەشتی بمێنێتەوە. بەڵام ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی لە سەر بنیاتی ئایین ئاوا بووە ناتوانێت جێگایەک بێت بۆ پڕوپاگەندەی باوەڕێکی سیاسی تایبەت یان شوێنێک بۆ ئەندام گرتنی سیاسی و ڕێکخستنی جیاواز.

بنیاتی ڕیکخراو و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی زەردەشتیەکان، ئامۆژگاریەکانی زەردەشتە و کەسەکان تەنیا لە ڕووی باوەڕ بە دینی زەردەشتەوە لەو کۆمەڵگەیەدا یەکدەگرن نە لەسەر بنەمای ئەساسی گرێدراوی باوەڕە سیاسیەکان.

لەوەبەدەر، دینو سیاسەت دوو بابەتی لێک جیاوازن و ناتوانرێت ئەو دووە پێکەوە تێکەڵ بکرێت. دین بە دووای" درووستی-حەقیقەت"ە و سیاسەت بە دووای" ڕاستی یان واقیعیەت" و ڕێکەوتنە لەگەڵیدا.

هەم سیاسەت و هەم دین بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێویستن. هیچ کامیان خراپ نین، ئەوەی خراپە، تێکەڵ کردنی ئەو

دووانە پێکەوە.

### ⁕ خۆ بەدوور گرتن لە دژایەتیکردنی باوەڕ

. هەر زەردەشتیەک لە باشترین ڕەوشی خۆیدا، ڕاست گۆفتار و ڕاست کردار یان نوێنەری ئایینی زەردەشتیە، نە دادستانی دینەکانیتر، ئەرکی ئێمە تۆندکردن و پەرەپێدانی ئامۆژگاریەکانی زەردەشتە نە ڕەتکردنەوەی ئایینەکانیتر. بێگۆمان دەکرێت ئایینی زەردەشتی لەگەڵ ئایینەکانیتر بەراورد بکرێت بەڵام ئەم بەراورد کردنە، بەراوردی نێوان باوەڕەکان کە خۆ بەخۆ کارێکی توێژینەوەیی و پەروەردەییە، نە بۆار ڕەخساندن بۆ هێرشکردنە سەر باوەڕییەکانیتر. ئەو کارە تەنیا دەتوانێت ببێتە بنەمای کێشە و ئاڵۆزی لە نێوان بەهدینەکان و باوەڕەکانیتردا، بۆیە ئەگەر دژبەرانی باوەڕەکان پێداگری لەکردەوە و گۆفتارەکانیان بکەن ئەو سەرێکی ئایینی دێتە ئاراوە، کە ئەنجامەکەی زەرە و زیانە بۆ مرۆڤەکان.

### . قبووڵکردنی "ئەرک"ی کۆمەڵایەتی و کاری بەکۆمەڵ

ئاواتی هەر بەهدینیەک، باشتر کردنی ژیان خۆی و هاوبیرەکانی و پەرەپێدانی ئایینی زەردەشتیە. سەروسامان بەخشین بە کارەکانی کۆمەڵگەی زەردەشتیەکان لە توانای یەک یان چەند کەسدا نییە. وا باسترە کە هەر زەردەشتیەک بە پێی توانستەکانی" پسپۆڕ"ی، بەشیک لە ئەرکە کۆمەڵایتیەکان وەئەستۆ بگرێت.

ئێستا، دووای خوێندنەوەی ئەم نووسراوە، بیر لەم پرسیارانەی خوارەوە بکەن و وەڵامیان لە ناخی خۆتاندا بدەنەوە:

ئاخۆ لە دەروونی خۆتاندا باوەڕیتان بە ئایینی زەردەشتی هێناوە؟

ئاخۆ دەتانهەوێت بە پۆشینی سەدرە ئەو ئایینە بە فەرمی بناسن؟

ئاخۆ پەیمانە کۆمەڵایەتیەکان، جیاوازی دین لە سیاسەت، خۆبە دووگرتن لە دژایەتی کردنی باوەڕەکانیتر، و کاری هەرەوەزیتان لا پەسەندە؟

ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، ئەرێنیە بەخێر بێن بۆ ڕیزی باوەڕ مەندانی زەردەشتی، و ئێستا پێکەوە بڵێنەوە:

بە ڕەزامەندی ئاهوورامەزدا

من، گومانم نییە، لە یەکتایی ئاهوورامەدا و پەیامبەری زەردەشت.

من، ئاینی زەردەشتی هەڵدەبژێتم کە باشترین ڕێگای ژیان پیشانم دەدات.

ستایشی هزری ڕووناک، وتەی باش و کرداری چاک دەکەم.

ستایشی ئاینی زەردەشتی دەکەم کە خوازیاری، سەربەستی ئآستی و لەخۆبوردووییە و لە سەرجەم دینەکانی ئێستا و داهاتوو باشتر و جووانترە.

سپاسگوزاری، ئاهوورا مەزدا، خواوەندی گیان و هزرم

بەڵێن دەدەم لەسەر ئایینی بێهی و پاکی زەردەشتی بەردەوام بم.

ایدون باد یان ئەشا

## جەژن و نەریتەکانی زەردەشتی

کولتورو دین، بیر و باوەڕی هەر گەل و نەتەوەیەک،لەناخ و ناوەڕۆکی جەژن و هۆیەکانی ئەمنەتەوەیە بەروونی دەبینرێت.گومان لەوە دا نی یە،گەورەترین و قووڵترین دیاردەی هەردین وئاینێک کە لە ناخی جێژن و ماتەمینەکانیان بەزەقی خۆی وەدیار دەخات و بەرجەستەدەبێتەوە یەکێ تر لە هەرە تایبەتمەندیەبەنرخەکانی ئەو دینە دەناسرێت. تەمەنیزۆربەی ئەو جەژنانە،یەک لەوان،نەورۆز هەڵدەگەڕێتەوە سەردەمی پێشزەردەشت،با بڵێین تەمەن و ڕەسەنایەتی جەژن و داب و نەریتی کوردەوارییەرابەر دەگەڵتەمەنی نەتەوەی کوردە،دەیان و سەدان پاشاومیرو فلان وفیسار هاتوون و ڕۆیشتوون بەڵام شوناس وهەست و بیری نەتەوەییمان لە قاپۆڕیجەژن و شادیەکانمان هەر بەردەوامەو لە کردەوە و بۆچوون و ژیانی ڕۆژانەمانبە زۆپی وەبەر چاو دێت.

لە بۆچوونەکانی زەردەشتی جێژن، پلەوپایەیەکی بەرز وگرینگی هەیە،شادی و کەیف خۆشی و گەشاوەیی بەپێچەوانەی ئایینەکانی ئیبراهیمی و سامی، نە تەنیا ناپسند و مەکرووە نازانرێت بەڵکوو لەگەڵ ئەوەیکە ویست و خوازراوەی ئەهورامەزدایە بگرە هۆی خێر و پاداشتی جۆراوجۆرییش بەدی دەکرێت.

لە دەقاودەقی ئەڤێستا و مێژووی کۆنی کورد، ڕۆژ گەل و کات وسات و جەژنگەلیزۆر دەبینرێت کە گشتیان وێڕای تایبەتمەندی و کارکەردی جیا جیا،بۆ شادی و کەیفخۆشی و وەشەنی مرۆڤ پێویستەلە هەمان کاتیشدا لە ڕۆژگەل و ساڵۆگەڕی خەم وماتەمین و وەبیر هێنانەوەی دەرد و پەژارە و دیاردەی ناخۆش و نەویست باسێکلە ئارادا نی یە، لە خۆدان وشەپۆڕی و شیوەن ردەربڕین دیمەنی پرسەدار، بەدیاردەیەکی ئەهریمەنی لە قەڵەم دراوە و کردەوەیەکی ناحەز ونەگونجاوە.

له دەقی گاتاکانی زەردەشت لەکەتیبە و تاشەبەردە نووسراوەکانی کۆندا ئەهورامەزدا بەخوای شادی و بەرهەمهێنەری جەژن ناسراوە و لە خوێندنەوەی کەتیبەی داریوشدابۆمان دەردەکەوێت کە ئەهورامەزدا زاتێکی شادی بەخشەو داو دەکات بۆسپاسگوزاری جێژن بگێرن. بێگومان زۆربەی هەرە زۆری جەژنەکانی کوردیهەڵدەگەڕێنەوە سەر چاخی زەردەشتیبوونیان کە بە شێوەیەکی گونجاو هەرئێستەش لە ئارا دان و ئاڵوگۆڕێکی رواڵەتیان بە سەر دا هاتووە.

جێ باسە یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی هەرەگرینگ و پرواتای ئەودیاردەیە کە لە ناو نەتەوەکانی تر وەبەرچاو نایەت ئەوەیە کە،ئەو کاتەی ناوی رۆژلەگەڵ ناوی مانگ ببنەیەک،ئەو رۆژە وەک جەژن دەژمێردرێت،واتایەکی دیکە بۆ هەر رۆژی مانگ، ناوێکی تایبەتی تەرخان کراوە کە هاوتای ناویمانگەکانە، بۆ وێنە رۆژی شەشەمی هەر مانگێک بەخوردادرۆژ ناودێر کراوە، کە وایەشەشەمین رۆژ لە مانگی خورداد کە ناوی خوردادە، دەبن بەیەک و ئەم رۆژە بە جەژنتێیەردەکرێت. بەو پێیە،زەردەشتیەکان لە ماوەی هەر مانگ،جەژنێکیان دەبێت،ئینجا لەماوەی دوازدە مانگ ی ساڵدا دوازدە جێژن دەگرن و هەرجێژنێکیش تایبەتمەندی و ناوی تایبەتبەخۆی پێوەدیارە و لە سەر بابەت و تەڤگەرێکی جیاواز و پێویست دێتەدی، لکێنراوبەوەش داب و نەریت و شێوازی چێکردنی تایبەتیان بۆ دابین ودەستەبەرکراوە.

جەژنی سەدە، چوارشەممە سووری، تیرگان، مێهرەگان، ئابانگاه، نەورۆز، رۆژی ژنان و...لەم دەستە جێژنانەن. چووار جەژنی سەرەکی و زۆر دێرین و بەنرخی زەردەشتیەکان نەورۆز، مێهرەگان، شەوی یەلدا و چوارشەممەسووری دەناسرێت، کە بەچەشنێکی بەربڵاو و بەردەوام هەرساڵ پیرۆز دەکرێت.

لەهەر مانگێکدا، جارێک ناوی ڕۆژ و مانگ یەکێک دەبن.

**زەردەشتیەکان ئەو ڕۆژانە جێژن دەگرن و شایی دەکەن، ئەو ١٢ جێژنە بە ناوی مانگەکان؛**

- **فەروەردینگان** (١٩ی فەروەردین).
- **ئۆردیبێهشتگان** (٢ی ئۆردیبێهێشتی ئێستا و٣ی ئوردیبێهێشتی ڕۆژمێری زەردەشتی).
- **خۆردادگان** (٤ی خۆردادی ئێستا و٦ی خۆردادی ڕۆژمێری زەردەشتی).
- **تیرگان** (١٠ی تیری ئێستا و١٣ ی تیری ڕۆژمێری زەردەشتی).
- **ئەمۆردادگان** (٣ی مۆردادی ئێستا و٧ی مۆردادی زەردەشتی).
- **شەهریوەرگان** (٣٠ ئرمۆردادی ئێستا و٤ی شەهریوەری زەردەشتی).

- مێهرگان (١٠ی مێهری ئێستا و١٦ی مێهری زەردەشتی).
- ئابانگان (٤ی ئابانی ئێستا و ١٠ ئابانی زەردەشتی).
- ئازەرگان (٣ی ئازەری ئێستا و٩ی ئازەری زەردەشتی).
- دەیگان (٢٥ی ئازەری ئێستا٢ ، ٩ی دەی ئێستا و ١٦،٨ و ٢٤ی دەی زەردەشتی).
- بەهمەنگان ٢٦ی دەی ئێستا و ٢ی بەهمەنی زەردەشتی)؛
- ئێسفەندگان (٢٩ی بەهمەنی ئێستا و ٥ی ئێسفەندی زەردەشتی) لە نێوان ئەو جێژنانەدا جێژنی مێهرگان، لە ڕووی نەتەوەییەوە زۆر گرنگە.

### ⁕ جێژنی فەروەردینگان

یەکەمین جێژنی مانگانە لە هەر ساڵێکدا، جێژنی فەروەردینگانە، کە ڕۆژی یەکەمی مانگی فەروەردین بەرانبەر بە 19ی فەروەردینە و" فرودگ" یشی دەڵێن. ئەو جێژنە گرێدراوی فرووهەری پاک لە ڕابردوو و باو باپیرانەوەیە، هەر بۆیە بۆ شادی ڕۆح وڕەوانی فرووهەر لەڕابردوویدا، دەچنە پەرەستگاکان. مووبەدان جل وبەرگی سپی لەبەر دەکەن و سروود و پاڕانەوەکان بە شێوەیەکی گرووپی بەڕێوە دەبەن و بەشداربووانیش بەشداری لە پاڕانەوەکان دەکەن و یادی کۆچکردووان دەکەنەوە، دوواتر ئەوە میوانەی براونەتە ئەو جێژنە دابەش دەکرێن لە نێوان بەشداربوواندا. لەوێنەی ئەم جێژنە لەناو دینەکانیتردا هەیە کە بە جێژنی " ئەموات" ناذێر کراوە، لە نیوان هێندووەکاندا ستایشی باوبیران (pitara) وەک جێژنی فەروەردینگانی کوردیە. ڕۆمەکانیش ڕۆحی کۆچکردووانیان وەک" مانس" زانیوە و قوربانیان پێشکەش کردووە و لەو باوەڕەدابوون کە ڕۆح لە دووای بەخاک سپاردن دەگاتە ئاستێکی بڵند ، هەرجەندە ئارامگەیان لە زەمینداییە، بەڵام لە تووانایاندایە لەسەر زەمین دەسەڵاتیان هەبێت، هەر بۆیە لە مانگی فیڤریەدا جێژنی بۆ کۆچکردووان بەڕێوە بردووە. جێژنی فەروەردینگان وەک جێژنی (taussaint) مەسیحیەکان کە لە ئەوەلی مانگی نوامبردا جێژن بۆ کۆچکردووان دەگرن و لەسەر مەزارەکانیان، دەستە گوڵ دادەنێنن.

### ⁕ جێژنی ئۆرودیبێهشتگان

ڕۆژی ئۆردیبێهشتی مانگی ئۆردیبێهێشت(دووەی ئۆردیبێهێشت)، جێژنی ئۆردیبێهێستگانە. ئۆردیبێهێشت لە دەستەواژەی ئەڤێستایی" ئەشاو هێشتا" وەرگیراوە بە مانای پاکی و ئەشوویی. کوردان لەو ڕۆژەدا جل و بەرگی سپیان کە سیمبۆلی پاکی بووە لەبەر کردووە و سەردانی ئادریان یان ئاتەشکەدەیان کردووە و پاڕانەوەی ئاهوورا مەزدایان بە جێی هێناوە.

### ٭ جێژنی خۆردادگان

ناوی چووارەمین رۆژ لە مانگی زەردەشتیەکان خۆردادە. رۆژی خۆرداد لە مانگی خۆرداد( 4ی خۆرداد) ئەو جێژنە بەڕێوە دەچێت. دەستەواژەی خۆرداد لە ئەڤێستا بە سێوەی" هێئورتات" هاتووە و ناوی یەکێک لە ئەمشاسپەندانکە بە واتایی بە لووتکە ترۆپک گەیشتن. باپیرانی ئێمە رۆژی خۆردادیان لە مانگی خۆدرداد جێژن گرتووە و لەو رۆژەدا چوونەتە سەرچاوەی کانی و ڕووبارەکان هەروەها سەردانی دەریایان کردووە پاڕانەوەیان بە جێی هیناوە. ئێستاکە پێویستە زەردەشتیەکان لە پەرەستگاکان ئامادە بن و دووای پارانەوە و بە جێی هێێنانی ئەرکە دینیەکان، شایی بەڕێوە دەبەن.

### ٭ جێژنی تیرگان

لەمانگی تیردا کاتێک ڕۆژی تیر دێت(دەیەمین ڕۆژ لە مانگی تیر) پووشپەڕ، ئەو جێژنە بەڕێوە دەچێت. تیر لە ئەڤێستادا بە" تیشتریە" و لە کوردی پەهلەویدا بە" تشتەر" ناوی لێهاتووە. لە دەقە ئەڤێستاییەکاندا " تشتر" بە جێی تیر هاتووە کە ناوی ئیزەدێکە پارمەتی بارینی باران دەکات هەروەها لە باوەڕی کورداندا ناوی ئەستێرەیەکە کە هەچ دەرکەوتووە مژدەی باراینی بارانی لەگەڵ خۆی هیناوە. لە سەردەمی ساسانیەکان ولاکاتی پاشایەتی" فیروز"دا کوردستان بۆ ماوەی ٧ سال ڕووبەڕووی ووشکەساڵی بووەوە و لەرۆژێکی وادا خەڵکی رووی کردە بیابان و بە پارانەوە لە ئاهوورامەزدا خوازیاری بارینی باران بوون، دووای ئەوە باران دەستی پێکرد و ووشکە سالی کۆتایی پێهات. لەو رێکەوتە بەدوواوە کوردان لەو رۆژەدا ئاو دەپرژێن بەڕووی یەکتردا و یاری بە ئاو دەکەن.

### ٭ جێژنی ئامۆردادگان

یەکی مۆرداد ڕۆژ لە مانگی مۆرداد بەرانبەر بە ٧ی مۆرداد جێژنیک بۆ ستایش و ڕێزلێنانی " ئەمۆرتات" لە ئاڤێستا و " ئەمۆرداد" لە پەهلەویدا بەڕێوە دەچێت بە مانای نەمری کە ناوی یەکێک لە ئامشاسپەندانە. ئەو جێژنە بە زۆری لە لای کانیەکان، باخ و کێڵگە دڵنشینەکان لە داوێنی سرووشتدا بەڕێوە دەچێت.

لە لاپەڕەی ٢٥٠ "ئاسارۆل باقیە"ی ئەبوو رەیحان بیروونیدا هاتووە: مۆردادا مانگ کە رۆژی حەوتەمی مۆرداد رۆژە و ئەو ڕۆژە بە نیەتی پێش هاتنی دوو ناو پێکەوە، جێژن دەگرن، مانای ئامۆرداد ئەوەیە کە مەرگ و نیستی نەبێت. ئامۆرداد فریشتەیەکە کە ئەرکی پاراستنی دنیا و ڕازاندنەوەی خواردنەکان ودرەمانەکان، هەروەها سڕینەوەی برسیەتی، زیان و

نەخۆشییەکانە. سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوە جوونی ئەو جێژنە زانیاری زۆر لەبەردەستدانیە. ئێستاکە لە هەندێک لە گوند و شارەکان جێژنی ئامۆردادگا بەڕێوە دەچێت، جێژنەکە بە زۆری لە ئاتەشکەدەکان و هۆڵ گشتیەکان بەڕێوە دەجیت.

### ⁕ جێژنی شەهریوەرگان

دەستەواژە شەهریوە لە ئاڤێستادا بە شێوەی" خشترتە وەئییە" هاتووە و لە مانگی ٣٠ ڕۆژی زەردەشتیەکاندا چووارەمین ڕۆژی هەر مانگێک شەهریوەری ناو لێنراوە، لە ئیستادا جێژنی سەهریوە دەکەوێتە ٣٠ مۆردادادەوە. لە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی ئەو جێژنە لە دیرۆکی کۆندا زانیاریەکی ئەوتۆ لەبەردەستدانیە. بەڵام زەردەشتیەکان وەک جێژنەکانیتری مانگانە ئەو جێژنە بە شایی و خۆشی بەڕێوە دەبەن.

### ⁕ جێژنی مێهرگان

ڕۆژی ١٦ی مانگی مێهر(ڕەزبەر) بە پێی ڕۆژمێری کوردی کە دەکاتە ١٠ی ڕەزبەر بە ڕۆژمێری ئێستا بە ناوی ئیزەدی مێهرەوە ناوی لێنراوە، و ڕێکەوتی بەڕێوە جوونی جێژنی گەورەی مێگرگانە. مێهر بە واتای پەیمان و هورپیەتی هاتووە لە کوردستانی باستاندا، جێژنی مێهرگان لە دووای جێژنی نەورۆز گەورەترین جێژنە و خاوەن گرنگیەکی تایبەت بووە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەورۆز دەستپێکی هاوین و مێهرگان دەستپێکی زستان بووە؛ چونکوو لەو سەردەمانەدا ساڵ دابەش بووە بە ٢ وەرزەوە.

وەرزی یەکەم هاوین بووە کە لە جێژنی نەورۆزەوە دەستی پێکردووە و ماوەی٧ مانگ دریژەی هەبووە و وەرزی دووەم، زستان بووە کە لە جێژی مێهرگانەوە دەستی پیکردووە و ماوەی ٥ مانگ بەردەوام بووە.

سەبارەت بە پەیدا بوونی جێژنی مێهرگان بوچوونی جیاواز هەیە.

مامۆستا هێمن لەوبارەیەوە نووسیویەتی: ئەو جێژنە یەکەم ڕۆژی پاییز بووە. مەڕدار لەو ڕۆژەدا بەرانیان لە مێگەل بەرداوە. واتە ئەورۆژە ڕۆژی بەرانگرتنی مەڕ بووە. بۆیە ئەو ڕۆژەش کراوە بە جێژن و بە مێهرەگان ناوی دەرکردووە.

جێژنی مێهرەگان دواتر بووەتە مێهرەجان و بە تایبەتی عەرەبەکان بە زۆربەی جێژن و کۆڕەکانی خۆیان دەڵێن مێهرەجان.

بە گشتی مەودای نێوان جێژنی مێهرەجان و جێژنی نەورۆز پێنج مانگە. "مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن بەرخ پاش سەد رۆژ رووحی وەبەر دێ و مەترسیی بەرئاویتن کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن "بێلَن دانا"، پێوەندیی لەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پایز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی ئەووەڵی بەهاردا زەوی مەڕ دێ و جێژنی هەر گەورەی مەڕدارە".

هەر ئێستا لە باکووری کوردستان لە داوێنی چیای کاتۆ ساڵانە فێستیڤاڵێک لە ژێر ناوی" مەڕ بڕینەوە" بۆ ماوەی ٦ رۆژ بەڕێوە دەچێت کە تێدا کوردان لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە و شایی و هەڵپەڕکێ ئەو ڕێوڕەسمە جێژن دەگرن.

ئێستا هەرچەند بەداخەوە مەڕداری لە کوردستان زۆر کەم بۆتەوە و مەڕدارەکان کاتی بەران تێبەردانیان گۆڕیوە بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە و هەرکەس کرتکە مەڕێکی هەبێت، ئەو رۆژە بەران دەبەر مەڕ دەکات، میواندارِیی لە دراوسێکان دەکا، مێوژ و شیرینی دەدا بە منداڵان و ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکات، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە ناو مێگەل.

لە هەندێک لەسەر چاوەکاندا ڕاگەیەندراوە لە کاتی جێژنی مێهرگان لە گوندەکان، لە ڕۆژی پێنجەمدا گوند نشینان بە زۆری جەوانان لە شوێنی سەرچاوەی ئاوی گوندەکە کۆبوونەتەوە و بە دهۆل و زوڕنا شاییان گێراوە و دوواتر بە گەڕاونەتەوە بۆ ناو گوند و سەردانی یەک بە یەکین خانووەکانیان کردووە و خەڵکیان کەیف خۆش کردووە.

"ئەبوو ڕیحان بیروونی" نووسیویەتی لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژەدا خۆرەتاو بەسەر مرۆڤەکان پەیدا بوو ناوی مێرگانیان لێنا. پاشاکانی ساسانی لەو ڕۆژەدا تاجێکی لەوێنەی خۆرەتاو کردووەتە سەریان و ئەو ڕۆژەیان شکۆمەندانە جێژن گرتووە.

جێژنی مێهرگان کە لە ڕۆژی مێهرەوە دەستی پێکردووە تا ماوەی6ڕۆژ بەردەوام بووە و تێدا شایی و ەما بەڕێوە چووە.

یەکێک لە هۆکارەکانی پەیدا بوونی جێژنی مێهرگان لە مێژووی کوردستاندا دەگەڕێنەوە بۆ سەرکەوتنی کوردان بەسەر زەحاکی زاڵمدا بە سەرۆکایەتی کاوەی ئاسنگەر؛ بە داخەوە ئەمڕۆکە ئەو جێژنە مێژووییە کوردان لە کوردستان گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە و بە دەستی فەرامۆشی سپێردراوە و پێویستی بە ڕۆحێکی نەتەوەیی هەیە تا دیسانەوە وەک رابردوو جێگای خۆی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەدەست بێنێتەوە.

ئێستاکە زەردەشتیەکان لە ڕۆژی مێهردا دەچنە ئاتەشکەدەکان و بە ئامادەکردنی خۆراک و شیرینی پێشوازی لەیەکیتر دەکەن و بەرنامەگەلی کولتوریم گفتوگۆکردن و خوێندنەی سروودی ئایینی و شێعر خوێنەوە جێژنی مێهرگان بە خۆشییەوە بەڕێوە دەبەن.

## * جێژنی ئابانگان

ڕۆژی ئابان لە مانگی ئابان واتە ٤ی ئابان ئەم جێژنە بەرێوە دەچێت. دەستەواژەی ئابان، ئاو و کاتی ئاو مانا کراوەتەوە و ئەم جێژنە تایبەت بە ئاوەکانی سەر زەمین. لەو رۆژەدا کاریز و ڕووبارەکان پاک دەکرێنەوە و جەماوەر جێژنیان گرتووە. هەروەها دەگێڕنەوە دووای ٨ سال ووشکەسالی لە مانگی ئاباندا، بارن بارییەوە و کۆتایی هاتووە بە ووشکەسالی، هەژار و نەخۆشینەکان و لەو کاتەوە هەر ساڵە لە مانگی ئاباندا جێژن بەڕێوە دەچێت. ئێستاکە زەردەشتیەکان وەک جێژنەکانیتر، بەرێزەوە جێژنی ئابانگان بەڕێوەدەبەن.

## * جێژنی ئازەرگان

ڕۆژی ئازەر لە مانگی ئازەر واتە ٣ی ئازەر ئەم جێژنە بەرێوە دەچێت. دەستە واژەی ئازەر بە ئاگر ناودێر کراوە کە یەکێکە لە چووار تۆخمە سەرەکیەکەی جیهان کە لە لایە زەردەشتیەکان بریتیە لە:ئاو، هەوا، زەمین و ئاگر ، بەو پێیەی کە زەردەشتیەکان هەمیشە ئاگر وەک باشترین و جێراتین تۆخمی پاککەرەوە زانیووە ئاگر بە سیمبۆلی ڕووناکی دەزانن، هەر بۆیە بۆ نیاییشی ئاهوورامەزدا، بە جل و بەرگی ڕازاوە و پاکەوە دەچنە ئاتەشکەدە یان ئەو شوێنانەی ڕووناکی لێبووە و بە خوێندنەوەی ئاڤێستا، جێژنی ئازەرگان بەڕێوە دەبەن.

## * جێژنی دەیگان

ڕۆژی دەی مانگ لە مانگی دەی بەرانبەر بە ٢٥ی ئازەر یان، ٢، ٩، ١٧ی دەی مانگ، ئەو جێژنە بەرێوە دەچێت، لەو جێژنە کە دووای شەوی چلە بەرێوە دەچێت وەک درێژترین شەوی ساڵ، پاشا و بەرێوەبەران دیداریان لەگەڵ خەڵک ئەنجامداوە.

## * جێژنی بەهمەنگان

ڕۆژی "وهومەن" لە مانگی بەهەمەن کە دەکاتە ٢٦ی دەیمانگ، جێژنی بەهمەنگان بەرێوە دەچێت. بەهمەن یان وهومەن لە

دەستەواژەی" وهومنە" لە ئاڤێستا وەرگیراوە بە مانای ڕەفتاری چاک و یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئاهوورامەزدا. لە گاتاکانی زەردەشتدا زۆرجار ئەم دەستەواژەیەمان بەرچاو دەکەوێت. لە ڕاستیدا زەردەشت پیغەمبەری کوردستانی بۆ وەرگرتنی پەیامەکانی ئاهوورا مەزدا یارمەتی لە وهوومەن وەرگرتووە.

### ⁕ جێژنی ئێسفەندگان یان "جێژنی ژنان"

ڕۆژی سپەندارمز لە مانگی ئێسفەند کە دەکاتە ٢٠ی بەهمەن مانگ ئەم جێژنە بەڕێوە دەچێت. ئێسفەند یان سپەندارمز لە ئاڤێستا وەک "سپەنتە ئارمەیتی" هاتووە، بە مانایفروتنیو خۆڕاگری. سپەنتە ئارمەیتی ناوی یەکێکە لە ئامشاسپەندان. ئامشاسپەند سپەنتە ئارمەیتی ڕۆڵی پاسەوانی زەمینە و بەو پێیەی کە زەمین وەک ژنان لە ژیانی مرۆڤەکاندا ڕۆڵی زاووزێ و بەردانە، جێژنی ئێسفەندگان بۆ ڕێزگرتن لە ژنان بەڕێوە چووە. لە رابردوودا لەو ڕۆژەدا ژنانی کورد جل و بەرگی نوێیان لەبەر کردووە و لە لایەن کۆمەڵگەوە ڕێزیان لێگیراوە و لە لایەن هاوژینەکانیانەوە خەلات کراون، ژنان لەو ڕۆژەدا هیچ چەشنە کارێک ئەنجام نادەن و پیاوان و کوڕەکانیان کارەکانیان بۆ رادەپەڕێنن. ئێستاکەش زەردەشتیەکان ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی ژن و دایک زەردەشتی ناودێر دەکەن.

### ⁕ جێژن و بۆنەکانیتر

سەرەڕای بەڕێوە چوونی ئەو ١٢ جێژنە لە ١٢ مانگی ساڵدا لە ئایینی زەردەشتیدا چەندین جێژنیتر هەن کە تا ئیستاش بەشێوەیەکی جەماوەری و بەرفراوان لەناو کورداندا وەک نەریتێکی باوباپیران ماوەتەوە و بەڕێوە دەچەن کە گرنگرتینی ئەو جێژنانە بریتین لە جێژنی نەورۆز، جێژنی شەوی چلە، یەڵدا و جێژنی چووارشەمە سووری.

### ⁕ جێژنی نەورۆز

نەورۆز دابونەریتێکی زۆر کۆن و دێرینە کە لە لایەن کورد و گەلانیتر لە ناوچەکە بە شێوەی جۆربەجۆر بەڕێوە دەچێت و بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخە دێرینەکان. جێژنی نەورۆز پێشینەیەکی دووردرێژی هەیە و کۆنترین جێژنی مرۆڤە لە سەر زەوی. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا کراون، کۆنترین مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی، ئەو کاتەی کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون، ڕۆژی یەکەمی بەهاریان کردووە بە جێژن.

پێشینیان لەوباوەڕەدا بوون، لە مانگی نەورۆزدا "گیانە پاکەکان" سەردانی کەسوکارەکانیان لەسەر زەوی دەکەنەوە و ئاگر

هەڵدەکەن و" خوانی حەوت سین" دەچنن و بەدەوریدا دادەنیشن. بۆیە چەند ڕۆژێک پێش لە هاتنی نەورۆز، خەڵک دەست دەکەن بە تەکاندنی کەلوپەل و ناوماڵەیان و جلی نوێ لەبەر دەکەن و بە ئاگرهەڵکردنەوە دەچنە پێشوازی نەورۆز. دیارە نەورۆز لە ناوچە جۆربەجۆرەکاندا بە شێوەی جیاواز دەگیرێ و دابونەریتەکانی نەورۆز لای گەلانی ناوچەکەش جیاوازیی هەیە.

جێژنینەورۆز تێکەڵ بووە بە کۆمەڵێک ئەفسانەی سەیر و سەمەرە. لە سەردەمانیکۆندا لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا واتە ڕۆژی نەورۆز، پاشای وڵات دەرگای خستووەتە سەر پشت بۆ دیدار لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەیدا و ڕۆژەکانی دابەشیوە بۆ چاو پێکەوتنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. هەر لەو ڕۆژەشدا خەڵات و دیاری و پێشکەشی بە دەست و پێوەندەکانی داوە و دیارییشی وەرگرتووە.

سەبارەت بە پێشینەی نەورۆز ڕوانگەی جۆراوجۆر هەیە. بەڵام هەموویان لە سەر ئەوە ڕێکن کە نەورۆزو مێهرەگان هەروەک ئاماژەمان پێکرد دوو جەژنی گرینگی دانیشتوانی کوردستان بوونە کە، لە سەرەتای وەرزی گەرماو سەرما بەڕێوەچوونە. بە گوێرەی نووسراوە پیرۆزەکانی ئایینی زەردەشت( ئاوێستاو یەسناها) کە تا پێش ئیسلام ئایینی فەرمی نەتەوەی کورد بوو.
لە هێندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان هاتووە کە زەردەشت خۆی نەورۆزی خستووەتە سەرەتا بەهارەوە. هەر وەک باس کرا دابەش کردنی ساڵ تا سەدەی پێنجەمی پێش زایین، لە سەر بنەڕەتی دوو جێژنی نەورۆزو مێهرەگان ساڵ دوو وەرزی بووە. بە گوێرەی نووسراوەی مێژوونووسەکان ڕێبەرانی ئایینی زەردەشت لە ساڵی ٤٨٥ی پێش زایین ساڵنامەی هەتاوییان ئامادە کردووەو لەو ساڵەدا چوار ورزی ساڵ دیاری کراوە.

نیبرگ زانای ئێرانی ناسی سوئێدی لەم بارەوە دەنووسێ: ساڵنامەی مەزدە یەسنی (زەردەشتی) کە لە ساڵی ٤٨٥ی پێش زایین دروست کراوە ساڵێکی هەتاوییە کە، بە یەکسانی شەو و ڕۆژی بەهار دەستی پێکردووەو ٣٦٥ ڕۆژی هەبووە کە بە سەر ١٢ مانگی ٣٠ ڕۆژیی و ٥ ڕۆژی کەبیسە لە کۆتایی ساڵدا دابەش کراوە. (ئەم ٥ ڕۆژە لە حیساباتی کوردەواریدا بە پەنجەوتار ناسراوە). ساڵی هەتاوی ٣٦٥ ڕۆژو ٦ کاتژمێرە. ئەگەر ساڵێک بە ٣٦٥ ڕۆژ حیساب بکەین چارەکە شەو و ڕۆژێک کەم دێنێ.

لە ١٢٠ ساڵدا ئەم چارەکە شەو و ڕۆژە دەبنە یەک مانگی تەواو. سەرەتا کە مانگیان بە ٣٠ ڕۆژ حیساب دەکرد، پێنج ڕۆژە زیادییەکەیان وەک پەنجەوتار لە کۆتایی ساڵدا حیساب نەدەکرد. دواتر گرفتی ئەو پێنج ڕۆژەیان بە دابەش کردنی بە سەر مانگەکانی بەهارو هاویندا چارەسەر کرد. بەڵام گرفتی پێنج کاتژمێرو ٤٨ خولەک و چەند چرکەکە واتە چارەکە شەو

و ڕۆژەکە دەبووە هۆی ئەوە کە هەر چوار ساڵ جارێک جێژنی نەورۆز دوا بکەوێ و بە دروستی لە سەرەتای بەهاردا نەگیردرێ. بەم جۆرە دەبوو کە هەر ١٢٠ ساڵ جارێک یەک ساڵ بە ١٣ مانگ حیساب بکەن کە ئەم ساڵە بە ساڵی کەبیسە دەناسرا. ئەم ئاڵوگۆڕەی جەژنی نەورۆز لە سەردەمی ساسانییەکان هەر بەو جۆرە ئاسایی ببووەوە و بە ناچاری ئەم ئاڵوگۆڕەی نەورۆزیان قەبووڵ کردبوو. بۆ نموونە لە ساڵی ٣٠٠ی زایینی جێژنی نەورۆز لە ڕۆژی ٧ی سپتامبر و لە ساڵی ٤٠٠ی زایینی لە ١٢ ی ئووت و لە ساڵی ٥٠٠ زایینی لە ١٩ ی ژوئییەو لە ساڵی ٦٠٠ی زایینی لە ٢٤ ی ژوئەن و سەرەنجام لە ٦٣٢ی زایینی لە ١٦ی ژوئەن دا بەڕێوەچووە. لێرەدا دەبینین جێژنی نەورۆز کە لە ساڵی ٤٨٥ی پێش زایین لە ٢٢ی مارس دا بەڕێوەچووە و لە ساڵی ٦٣٢ی زایینی کەوتووتە ١٦ی ژوئەن کە ڕاست ٩ مانگ و چەند ڕۆژ دوا کەوتووە. سەرەڕای ئەم ئاڵوگۆڕە کەبیسەییە کە دەبووە هۆی پاش و پێش کەوتنی جێژنی نەورۆزو مێهرەگان، زۆرجار ڕێدەکەوت کە پادشایەک یا دەسەڵاتدارێک بە بۆنەی گەیشتنە دەسەڵات یا تاج لە سەر نانی خۆیان جێژنێکیان دەگرت و ئەو ڕۆژەیان بە نەورۆز یا مێهرەگان ناودێر دەکرد. یا ئەم تاج لە سەرنانەیان دەخستە ڕۆژی یەکەمی بەهار. شێوەی بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆز لە سەردەمە جیاجیاکاندا جیاواز بووە. هێندێک جار لە یەکەم ڕۆژ تا ڕۆژی شەشەم پشووی گشتی بووەو هێندێک جار تەواوی ٣٠ ڕۆژی یەکەم مانگی بەهاریان جێژن دەگرت. لە سەر دەمی دەسەڵاتداری هێندێک لە پاشاکانی ساسانی ٢٢٦ تا ٦٥١ی زایینی باو بووە کە تەواوی مانگی خاکەلێوە ٢١ ی مارس تا ٢٠ی ئاڤریل جێژنیان دەگرت.

هێندێک لە مێژوونووسان وەک بیروونی لە کتێبی( الباقیە و الجاحز درالمحاسن الازداد) شێوەی بەڕێوەچوونی ئەم جێژنەی بەم شێوەیە نووسیوە. تەواوی ٣٠ ڕۆژی مانگی خاکەلێوەیان کردە جێژن. ٥ ڕۆژی یەکەم بۆ پاشاکان بوو کە لەو ماوەیەدا خەڵات و پێشکەشی دەدرا، ٥ ڕۆژی دووەم بۆ خان و بەگزادەکان، ٥ ڕۆژی سێیەم بۆ خزمەتکارانی پادشاکان،( ٥ ڕۆژی چوارەم بۆ خزمەکانی ئەوان)؟ ٥ ڕۆژی پێنجەم بۆ سوپاییەکان و پێنج ڕۆژی شەشەم بۆ خەڵک بووە.

لەوەی کە بۆ خەڵک بەڕێوەبردنی مێهرەگانیش وەک نەورۆز گرینگ بووە، ئەم دوو جێژنە لە لایەن هەموو خەڵکەوە وەکوو یەک دەگیرا. دەسەڵاتدارانی کات بێ ویستی خۆیان ناچار بوون کە مل بۆ ویستی خەڵک رابکێشن و مێهرەکانیش وەک نەورۆز جێژن بگرن و بە هەمان شێوە بە شەش بەشی ٥ ڕۆژە دابەش کرا.

هورمزی کوڕی شاپوور یەکەم پادشایەک بوو کە ئەم دابەش کردنەی هەڵگرت و فەمانی دا تا نەورۆز لە یەکەمی خاکەلێوەوە تا کۆتایی بۆ هەموو کەس وەکوو یەک بەڕێوە بچێ. ئەمەش بە تێپەڕ بوونی کات ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات و خەڵک تا 13ی مانگ کە ڕۆژی شووم و ماڵ خاوێن کردنەوە و بردنە دەرەوەی دەردو بەڵاکان لە ماڵ دەناسرا جێژنیان دەگرت. لە ڕۆژی 13ی مانگی خاکەلێوە خەڵک هەموو لە ماڵ دەچوونە دەرەو دەردو بەڵای ماڵیان بە کێو و دەشت و

ڕووبارەکان دەسپارد. کەوابوو جێژنی نەورۆز بە شێوسەی ئەمڕۆیی لە سەردەمی ساسانیەکان بووەتە باو و لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە بیرو بۆچوونی ئێرانیەکان جێی گرتووەو پێشوازی لێ دەکەن. شایانی باسە کە ساسانییەکان لە ساڵی ٥٨١ یا بە بۆچوونێکی دیکە ٤٧١ی زایینی بە ڕەسمی نەورۆزیان وەکوو جێژن نەتەوەیی ڕاگەیاندووە. بەڵام گرفتی ئاڵوگۆڕ و جێ گۆڕکێی بەڕێوەبردنی جێژن بە هۆی ساڵی کەبیسەوە تا سەدەی یازدەیەمی زایینی بە هەمان شێوە بەردەوام بووە.

### * جێژنی شەوی چلە (یەڵدا)

جێژنی شەوی چلە( یەڵدا) جێژنی تەواو زیندووە، مەسیحیەکانی جیهان ئەم جێژنە بە ناوی جێژنی لەدایک بوونی" مەسیح" بەڕێوە دەبەن.

شەوی چلە و ڕێوڕەسمێک لەو شەودا بەڕێوە دەچێت مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ئیزەدی مێهر و یەکێکە لە کۆنترین جێژنەکانی کوردان. چلە گەورە لە یەکەمین ڕۆژی مانگی دەی جێژنی ڕۆژی خۆشی تا دەی بەهمەن کە جێژنی سەدەیە دێت کە لە دەی بەهمەن تا ٢٠ی ئێسفەند دەخایەنێت و سەرما هێدی هێدی کەمتر دەبێتەوە. چلەی یەکەم کە یەکەم ڕۆژی زستانە و یەکەمین شەوی لەدایک بوونی مێهرە و هەتاوە؛ لەبەر ئەوەی خەڵکانی کۆن بنەمای ژیانیان لەسەر وەرزیاری و شووانیەوە بووە، فێری سووڕانی هەتاو، گۆڕانی وەرزەکان، ورتی و درێژای ڕۆژ شەو و بۆ حەرەکەت بە ئەستێرەکان ئاشنا بوون و کار و چالاکیەکانیان لەوگۆڕ ئەو ئەزموونانە ڕێک دەخست. بەتێپەڕ بوونی کات زانیان کە کورترین ڕۆژەکان و ئاخرین ڕۆژی پایی واتە ٣٠ ئازەرە و درێژترین شەو، شەوی زستانە.

گەلانی کۆنی مێزۆپۆتامیا جێژنی لەدایک بوونی هەتاویان لەسەرەتای زستاندا بەڕێوە دەبرد. لەو شەوەدا ئاگریان دەکردەوە تا تاریکی و هێما ئەهریمەنیەکان لەناو بچن و هەڵ بێن، هەر بەو پێیەی کە خۆرەتاو بە هێمای تیسک و سەرچاوەی گەرما لای خەڵک بەڕێزە چاوی لێدەکرا، ئاگریش هەمان ئاستی بلندی لای خەڵکان هەبووە.

لە سەوی چلە یان لەدایک بوونی هەتاو، خەڵک لەدەوری یەکتر کۆدەبوونەوە و بەمەستی دوور خستنەوەی هیما ئاهریمەنیەکان ئاگریان دەکردەوە و سفرە و خواردنی تایبەتی وەک سفرەی نەورۆزیان دەڕازاندەوە ، هەرچی مێوەی تازە یان ئەو میوانە هێلدرابوونەوە یان میوەی ووشکراو لە سفرەدا دادەنرا. ئەو سفرەیە هێمایەکی ئایینی بووە و پیرۆزە کە لەسەری داوا لە ئیزەدی خۆرەتاو دەکراو خێر و بەرەکەت ببەخشێت بە خەڵک تا زستانێکی خۆش بەسەر بەرن. میوە وشک کراوەکان و ئەو شتانەی لەسەر سفرەی شەوی چلە دادەنرێن هێمای ئەوەن کە بەهار و هاوینێکی پڕ لە خۆشی و بەرەکەت بووە و

هەمووان ئەو شەو لەدەوری ڕووناکی و ئاگر بەسەر دەبەن تا ئەهریمەن دەرفەتی خراپکاری نەمێنیت.

### * جێژنی سەدە

"جێژنی سەدە" کە سەد ڕۆژ پێش ساڵی تازە، واتا لە بیستەمی مانگی سەرماوەز دا، گیراوە. "جێژنی بێلندانە" یان "بێلندانە" کە ڕۆژی پازدەی ڕێبەندان، واتا لە نیوەڕاستی زستاندا، بووە و ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستاندا هەر باوە و ئەو ڕۆژەی دەکەنە جێژن.

### * جێژنی سێزدەبەدەر

"ڕۆژی سێزدەبەدەر" کە سێزدەهەمین ڕۆژی بەهارە؛ لەو ڕۆژە دا بۆ وەلابردنی بەدشوومیی ساڵی کۆن دەچوونە دەرەوەی شار و ئاوایی و دەیانکردە جێژن و ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستاندا ئەو جێژنە ماوە.

### نوێژی زەردەشتییانە

زەردەشتیەکان شەوانەڕۆژ، پێنج جارنوێژیان لەسەر فەرز بووە، کە هەرکام لەو نوێژانە بە ناوی ئەمشاسپەندێک بووە کە بە حەوت ئیزەد و فریشتەی ئەهورامەزدایی دەناسرێن کە بریتین لە: کاتی بەیانی (هاوەن)، نیوەڕۆ (ڕەپیتوەن)، ئێوارە (ئائیرەی سروترەم)، نوێژی شێوان(ئاشمەن).

نوێژ لە لای زەردەشتیەکاندا، بریتی بووە لە بەجێهێنانیئەرکی سەرشان، لە هەمبەر ئەهورامەزدا بە مەبەستی سپاسگوزاری و ستایش،نوێژ وەک ئامرازێک بۆ بەرهەڵستکاری بەرامبەر بە خراپە و ڕێنمایی بە ئامۆژگاری، وتەی باش، کردەوەی چاک و هزری ڕووناک لێکدەدرێتەوە.

لە گاتاکان - هاتی١- خاڵی٢٨ دا هاتووە: "هەر ئێستا، لەحاڵێکدا کەدەستم بۆ بارەگای تۆ بەرز کردۆتەوە دەخوازم نوێژکەری تۆ بم وە ئەتۆ بەرەوتی "ئەشە" و کردەوەی چاک "وەهومەنە" ستایشبکەم."

## ڕێوڕەسمی" شپیک" سێدرە پۆشی

بەرابەر بە ڕێچکەیەکی کونی کوردان، هەچ تاکێک پێویستە دووای تێگەیشتن و ناسینی دین بە شێوەیەکی فەرمی پەیرەوی خۆی لەو دینە بە شێوەیەک لە ڕێوڕەسمێکی فەرمیدا ڕابگەیەنێت، زەردەشتیەکانیش پێویستە کە منداڵەکانی خۆیان کچ و کوڕ(بە پێی نەریت لە نێوان ٧ بۆ ١٥ و لە هەندیک لە سەرچاوەکاندا لە نێوان ٧ بۆ ١١ ساڵ) بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی سەدرە پۆشی ببنە ریزی زەردەشتیەکانەوە.

ڕێوڕەسمی"سەدرە پۆشی" مێژوویەکی زۆر دووری هەیە وەک پێویستیەکی ئایینی زەردەشتیە. کاتێک کچ یان کوڕێکی زەردەشتی تەمەنیان دەگاتە ئاستێک کە زانیاریەکانی ئەڤێستا فێر بوون، دایک و باوک ڕۆژێک بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی" سەدرە پۆشی" و " بەستنی پشتێن" دەستنیشان دەکەن و کۆمەڵێک لە نزیکان و خزمانی خۆیان بانگهێستی ئەو ڕێوڕەسمە دەکەن. لەورۆژەدە سەرەتا سفرەیەکی گەورە دەرازێندرێتەوە کە تێدا: زەرفی ئاگر، عوود، سینیەک ووشکە(پستە، ئاجیل، گوێز و..) هەندێک گوڵ و سەوز و ئاویشەن، هەنجیر و...دادەنێن. ئەو کاتە کچ یان کوڕ، دووای پۆشینی سەدرە، لە لایەکی سفرەکە ڕووەو خۆرەتاو دادنیشێت. ئەگەر ڕێوڕەسمەکە پێش نیوەڕۆ بێت، منداڵی سەدرە پۆش ڕووبە خۆرهەڵات دادەنیشێت و ئەگەر دووانیوەڕۆ بێت، ڕووەو خۆرئاوا دەدانیشێت. مووبەد ڕووبەڕووی ئەو دەوەستێت و ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی" هۆرمۆزد یەشت" یان نیایشی ئاگر، دەست پێدەکات. ئەو کاتە مووبەد دەچێتە لایەکەیتری سفرەکە و لە پشتی سەر منداڵکەوە دەوەستێت و پشتێنەکە دەبەستێکە ناوقەدی منداڵەکەوە. لەتەواوی ئەو کاتەدا منداڵەکە قۆڵەکانی مووبەد دەگرێتە دەست و لەگەڵیدا سروودەکان دەخوێنیتەوە. دووای ئەو ڕێوڕەسمە، منداڵەکە لەسەر جێگای خۆی دادەنیشێت، مووبەد دەگەڕێتەوە بۆ جێگای ئەوەڵی خۆی، لەبەرانبەر منداڵەکە، دەوەستێت، ئەڤێستای تەندرووستی بە ناوی منداڵەکە دەخوێنێتەوە. لە کاتی خوێندەوەی سروودا، هەندێک ئاویشەن" جاترە" و برێنج و شیرینی تێکەڵ هێدی هێدی دەکات بەسەری منداڵەکەدا.

لە کتێبە پەهەلەویەکاندا دەستەواژەی" شپیک" بە جێی سەدرە بە کار هێنراوە/ لە رابردوودا، سەدرە لە پارچەیەکی ئاورێسمی، درووست دەکرا و ئیستاکە، سەدرە لە مەخمەلی سپی درووست دەکرێت. لە دەقە زەردەشتیەکاندا هاتووە کە سەدرە پێویستە لە پۆست و پەشم و موو و لۆکە و ئاورێشم درووست کرابێت. لە هەندێک لە دەقەکاندا هاتووە کە دەتوانرێت سەدرە لە هەر شتێک درووست بکرێت. بەڵام سەدرەیەک کە لە ڕێشەی ڕۆکێک بەرهەم هێندرابێت، هەمان شتە کە لە دەقە ئایینیەکاندا ئاماژەی پێکراوە.

## ڕێوڕەسمی پشتێن بەستن

یەکێک لە نیشانەکانی زەردەشتی و دیاردەی بلوغیمنالی زەردەشتی، پشتێنی پیرۆزە. پارچەیەکی سپی کە گشت ژنان و پیاوان سێ جارلە قەدی پشتییان دەبەستن و سێ گرێ (ئەڵقە)ی لێ دەدەن، ئەو نەریتەهێشتاش لە ناو کوردەکاندا باوە و وەک نیشانەی سێ گەوهەری زەردەشتی بەدیاردەیەکی نەتەوەیی دەناسرێت.

پشتێن بەستن یەکێکە لە پێویستیەکانی ئایینی زەردەشتی. کاتێک منداڵ دەگاتە تەمەنی حەوت، دە یان پازدە ساڵی، پێویستە کە پشتێن ببەستێت. بەو پێیە پشتێن لەسەر سەدرە دەبەسترێت بە ناو قەدی منداڵدا. لە کتێبی" بندهشن" بەشی ٥ و ١٠دا هاتووە:لە هەر جێگایەکی دنیا بەهدینێک" زەردەشتیەک" کردەوەیەکی چاک ئەنجام بدات، سەرجەم ئەو کەسانەی پشتێنیان بەستوو، سوودی لێوەردەگرن. پشتێن لە کۆندا لە پەسمی مەڕ، موی بزن و پەشمی وشتر و لۆکە چێندراوە، بەڵام ئەمڕۆکە لە پەشمی مەڕ دەچێندرێت. پشتێن، بەندی بەندەیی "ئاهوورامەزدا"یە کە پێویستە زەردەشتیەکان هەمیشە لەگەڵیان بێت. کەسێک لە کاتی مەلە کردندا و تەنانەت ژنان لە کاتی "مانگانە" پێویستە لە ناوقەدی خۆیان ببەستن، نەبوونی پشتێن گۆناحە. ئەو پشتێنە لە ٧٢ تاڵ دەچێندرێت و ئەو ٧٢ تاڵە ئاماژەیە بە ٧٢ بەندی" یەسنا". دابەشکردنی بە ١٢ تاڵە گەورەتر ئاماژەیە بە ٦ ئەمشاسپەندان و ١٢ مانگی ساڵ. ئەو پشتێنە پێویستە ٣ دەور بەدەوری ناوقەددا ببسترێت. ئەو سێ دەورە بۆ یادەوەری سێ دەستەواژەی"همت"،" هوخشت"و" هورشت"ە. لە کاتی بەستنی پشتێندا پێویستە کە ئەو ٣ دەستەواژەیە لەبیر بێت. پشتێنەکە پێویستە چووار گرێ لێبدرێت. لە گرێ یەکەمدا زەردەشتیەکان شایەتی دەدەن بە "یەکتایی" ئاهوورەمەزدا، لە گری دووەمدا شایەتی دەدەن کە "دینی زەردەشت" ڕەوایە و لە لایەن ئاهوورامەزدایە. لە گرێ سێیەمدا شایەتی دەدرێت بە سپێردراوی" پیغەمبەر زەردەشت" و لە گرێ چووارەمدا قبوول کردنی سێ بنەمای گرنگی مەزدەیەسنا: هزری ڕوون، وتەی باش، و کردەوەی چاکە.

## ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لە ئایینی زەردەشتیدا!

لە ئایینی کۆنی کورداندا هاوسەرگیری بەمەبەستی ژیانێکی خۆش و پایدار بووە بۆ زیادبوونی حەشیمەت و پێکهێنانی بنەماڵە لەسەر بنەمایەکی ڕاست و قایم کە خۆی گەرەنتی مانەوە و بەردەوامی ژیانی هاوبەش بووە، بە شێوەیەک سۆز و خۆشەویستی نێوان ژن و پیاوی بۆ هەتا هەتایە بەرقەرار کردووە.

زەردەشت لە گاتاکاندا لە یەسنای ٥٣ دا ئامۆژگاریەکی وا دەداتە ئەو کچ و کوڕانەی خوازیاری پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیرین و دەڵێت: ئێستاکە فێر بین و ووشیارتان دەکەمەوە. بە غیرەتەوە بۆ ژیانی خۆتان ڕێچکەیەکی پاک هەڵبژێرن. هەرکامە لە ئێوە پێویستە لە کردەوەی چاکدا لەویتر پێشی بگرن و ژیانی خۆتان خۆش و بەختەوەر بکەن. لە ئایینی زەردەشتیدا بۆ ڕێکخستنی کاروباری دنیا و پتەوکردنی یەکتاپەرەستی و پێشگرتن لە بەدڕەوشتی، جێگایەکی تایبەت تەرخان کراوە بۆ بابەتی هاوسەرگیری و ئەو دیاردەیە بەبەرزی نرخێندراوە. هەتا ئەوەی لە بازنەی چووارەمی بەندی ٤٧ی وندیدادا ئاهوورا مەزدا دەڵێت: "ئەی سپیتمان زەردەشت، پیاوی ژندار لە پیاوی بێ ژن و پیاوی خاوەن ماڵم لا لە پیاوی بێماڵ لە پێشترە"، دیسان لە بەشی ٤٤٤دا دەڵێت : " ئەرکی هەر کەسێکە کە برا هاودینەکانی خۆی لە پەیدا کردنی سەروەت و هەبوونی هاوسەردا ڕێنوێنی و یارمەتی بکات" لە ئایینی زەردەشتیدا هاوکاری کردنی ئەو کەسانەی گەیشتوونەتە تەمەنی باڵغ بوون و بەهۆی هەژاریەوە ناتوانن هاوسەرگیری بکەن، لە کردەوە چاکەکانە.

### پەیماننامەی هاوسەرگیری

**لە ئایینی زەردەشتیدا پەیماننامەی هاوسەرگیری بە ٥ شێوە ئەنجام دەدرێت.**

١- **پاشا ژنی؛** لەم هاوسەرگیریەدا کچ و کوڕ بۆ یەکەمین جار بە ڕەزامەندی دایک و باوک ژیانی هاوسەرگیری پێک دێنن.

٢- **ئیوک ژنی؛(یەکانە، تایبەت بە کەسێک)** واتە پیاوێک بیهەوێت لەگەڵ تەنیا کچێکدا هاوسەرگیری پێک بێنێت. لەبەر ئەوەی کچەکە ناتوانێت دارایی ماڵی باوکی بگوازێتەوە بۆ ماڵیکیتر، ئەرکدارە لە دووای پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری، یەکەمین کوڕی خۆی بە جێ منداڵی باوکی دابنێت و ڕێکەوتننامەی داراییەکانی باوکی بسپێرێتە ئەو تا پێش لە لەناوچوونی بنەماڵەی باوکی بگرێت. بە ژنێکی وا ئیوک دەڵێ.

٣- **خزمەتکار ژنی؛** ئەم هاوسەرگیریە پەیوەستە بەو بێوە پیاو و ژنانەی لە دووای کۆچی دووایی هاوسەری یەکەمیان، هاوسەرگیری بکەن. لەبەر ئەوەی لە ئایینی زەردەشتیدا، جووتی یەکەم لە گەردوون و جیهاندا لەدووای مەرگی هاوسەر، پلەی پاشای هەیە، هەر بۆیە هاوسەری دووەم لە جیهانیتردا، پلەی چاکری دەبێت لەبەرانبەر هاوسەری یەکەمدا. هەروەها لە کاتێکدا پیاو بیهەوێت بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن منداڵ، بە ڕەزامەندی ژنی یەکەمی هاوسەریتر بگرێت. ژنی دووەم لەبەرانبەر ژنی یەکەمدا دەبێت خاوەن پلەی چاکری، لەڕاستیدا بە واتەی جاکر و خزمەتکاری دێت.

٤- **هاوسەرگیری خۆسەرانە؛** لەم هاوسەرگیریەدا کچ و کوڕی باڵغ پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی ٢١ ساڵی بێی ڕەزامەندی دایک

و باوک، ژیانی هاوسەرگیری پێک بێنن، لەم کاتەدا مووبەد مافی ئەوەی هەیە ڕێوڕەسمی مارەکردنی بەڕێوە ببات، بەڵام لەبەر ئەوەی دایک و باوکیان ناڕازین ئەو ژنە و پیاوە لە میرات بێبەش دەبەن. (کچ لە ١٦ ساڵی و کوڕیش لە ١٨ ساڵیەوە دەتوانن بە ڕەزامەنی دایک و باوکیان ژیانی هاوسەرگیری پێک).

٥- ستر ژنی؛ ئەگەر ژن و پیاوێک منداڵیان نەبێت و منداڵێک لە سەر ڕێگا یان لە کەس و کاری هەژاریان بە فەرزەندی خۆیان قبووڵ بکەن، لێرەشدا وەک" ئیوک ژنی" هەڵسووکەوت دەکرێت، بەو شێوەیە کە یەکەمین کوڕی ئەو زڕ کچە، وەک کوڕی باوک دەژمێردرێت و لە دووای کۆچی باوکەوە، دەبێتە خاوەن سەروەت و دارییەکانی.

سەبارەت بە مارەیی لە ئایینی زەردەشتیدا: لەبەر ئەوەی ڕەهایی (تەلاق) بە دەست تاکەکان نییە، بۆیە مارەیی دانانرێت.

### ⁕ دەرفەتی هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی هاوسەرگیری یان ڕەهایی

١- یەکێک لە لایەنەکان (ژن یان پیاو) شێت بێت یان هزری تێک چووبێت، لە کاتێکدا لایەنی بەرانبەر ئاگادار نەبووبێت، لەسەر داوخوازی ئەو لایەنەی تەندرووستە، هاوسەرگیری هەڵ دەوەشێندرێتەوە.

٢- هەچ کات پیاو توانای جنسی نەمابێت ژن دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات.

٣- هەچ کات پشتڕاست ببێتە کە ژن لەگەڵ کەسیتر جووت بووە، پیاو دەتوانێت وازی لێبێنێت و ئەگەر پشتڕاست ببێتەوە کە پیاویش لەگەڵ ژنێکیتر جووت بووە، ژن دەتوانێت دوای جیابوونەوە بکات.

٤- هەچ کات پیاو بۆ ماوەی ٣ ساڵ خەرجی ژیانی ژن نەدات، ژن دەتوانیت داوای جیابوونەوە بکات.

٥- هەچ کات ژن مەترسی توندوتیژی لە لایەن هاوسەرەکەی لەسەر بێت، دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات.

٦- هەچ کات ژنێک تووشی سەرهەڵدێری بێت و نافەرمانی بکات و کردەوەکەی ببێتە هۆکاری مەترسی، هاوسەرەکەی دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات.

٧- هەچ کات ژن یان پایوا هاوسەرێکیتریان هەبێت کە پێش هاوسەرگریی شاردبێتیانەوە، هاوسەرگیری دووەم خۆبەخۆ نافەرمی دەبێت.

٨- کاتێک ژن یان پیاو واز لە ئایینی زەردەشتی بێنێت، جیابوونەوە ڕەوایە.

### چۆنیەتی خوازبێنی کردن

لەیەکەم هەنگاو، خوازبێنی کردن و وەرگرتنی ڕەزامەندی کچ و دایک وباوکیەتی. دوواتر ڕێوڕەسمەکە بەم سێوەیە بەڕێوە

دەچێت:

١- کەسانی نزیکی کوڕەکە دەچنە ماڵی کچەکە و نامەیەک لە کوڕەکەوە کە بۆ دایک و باوکی کچکە نووسراوە دەبەن. ناوەڕۆکی نامەکە لەسەر کاغەزێکی سەوز دەنووسرێت تا مۆبارەک بێت.

٢- چەند ڕۆژ دوواتر لە لایەن بنەماڵەی کچەکەوە بەهەمان شێواز نامەیەک دەنووسرێت بۆ بنەماڵەی کوڕەکە و بۆیان دەبرێت.

٣- لە لایەن بنەماڵەی کوڕەکەوە، حەڵقەیەک، سینیەک نۆقڵ و چەند کەلە قەند و چەند مەتر قۆماش بە مەبەستی ئامادە کردنی جل و بەرگ بۆ کەچکە ئامادە دەکرێت و لە ڕۆژێکی دیاری کراودا دەبرێتە ماڵی بووک. حەلقەکە لە لایەن کەسانی نزیک بە زاوا دەکرێتە قامکی کچەکە و ڕێوڕەسمی تایبەتی بەڕێوە دەچێت.

٤- چەند ڕۆژ دوواتر، کردەوەیەکی هاوشێوە لەلایەن بنەماڵەی بووکەوە بۆ زاوا ئەنجام دەدرێت. "لە ئامۆژگاریەکانی ڕەدەشتدا هاتووە: ڕێوڕەسمی دەزگیرانی کاتێک دەتوانرێت بەڕێوە بچێت کە کچەکە لە ١٤ سال و کوڕەکە لە ١٦ ساڵ کەمتر نەبێت. ڕێوڕەسمی دەزگیرانی بە گۆڕینەوە حەلقە و هەدیە بە ئامادە بوونی کەس و کار و لانیکەم" ٧ کەس" لە باوەڕ پێکراوانی زەردەشتی کە تەمەنیان لە ٢٥ ساڵ نەبێت، بەڕێوە دەچێت."

٥- لە کاتی هاوسەرگیریدا واتە دووای ڕێوڕەسمی دەزگیرانی، ئەم کردهوانە بەڕێوە دەچێت: وەکێل پرسان "ئامادە بوونی پێشوایەکی ئایینی"، لەگەڵ هەندێک لە میوانانی زاوا کە نابێت لە ٧ "کەس" کەمتر بن، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی کچەکە بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی مارەکردن دەچنە ماڵی بووک. بووکە چووەتە حەمام، ئاڕایشتی کردووە و لەسەروو کۆڕەکە دادەنیشێت و قۆماشێکی سەوز دەدەنە بەسەریدا بە شێوەیەک ڕۆخساری دیار نەبێت. ژنەکانیتر لە دەورووبەری دادەنیشن. پێشەوای ئایینی و هاوڕێیانی بە ئاهەنگی شاباشەوە دەچنە ژوورەوە بۆ لای بووک. پێشەوای ئایینی لە بووک دەپرسێت: بەناوی ئاهوورامەزدا لە تۆ "کچی..." دەپرسم ئایا ئامادەی هاوسەرگیریت لەگەڵ " کوڕی..."؟ (پێشەوای ئایینی جەندین جار ئەو پرسە دووپات دەکاتەوە) وەک نەریت لە جاری سێیەم یان حەوتەمدا بووک دەڵێت: بەڵێ. دوواتر پێشەوای ئایینی لە بووک دەپرسێت: چ کسێک دەکەیتە نوێنەر یان وەکیلی خۆت؟ بووکیش باوک یان برایەکی هەڵدەبژێرێت. دووای بیستی ئەو یەکە، پێشەوای ئایینی و هاوڕێانی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی زاوا.

٧- بووک بردن؛ یان بووک گواستنەوە. لە کۆتایی شەودا، دووای خواردنی شیو و بڵاوکردنی میوانەکان" مووبەد" لەگەڵ چەند کەس لە نزیکانی زاوا دەچنە ماڵی بووک تا بیبەنە ماڵی زاوا.

لەم کۆڕەدا گەورەکان و مووبەدەکان ئامادە دەبن، مووبەد دووای بیستنی ڕەزایەتی بووک و زاوا کۆمەڵێک ئامۆژگاری بەسوودی دینی و ڕەوشتی دەخوێنێتەوە و ئەوەها پاڕانەوەیەکیان بۆ دەکات: شادمانی زۆر بۆ هەردووکیان، هەردەم گەورە و

باوەڕمەند بون، بە باشی و خۆشی ژیان بەسەر بەرن، لە گەشەکردندا بن، شایستەی کردەوەی چاک بن، وتەتان باش بێت و هزرتان رووناک بێت، خۆتان لەهەر چەشنە خراپیەک بەدوور بگرن. هەر جەشنە خراپییەک دەسووتێت، راستی دەمێنێتەوە، گرێدراوی باوەڕی مەزدەیەسنا بن، سۆز و خۆشەویستیتان هەبێت. لەگەڵ گەورەکانتان یەک دل و یەک زمان بن، لەگەڵ یاران و خۆشەویستاندا بە نرمی رەفتار بکەن، زەمی یەکتر مەکەن، تووڕە مەبەن، لە پێناو شەرمدا تووشی تاوان مەیەن، تەماعتان نەبیت، بۆ شتێکی نابەجێ خۆتان ئازار مەدەن، بەخیل مەبەن، خۆتان بەگەورە مەزانن و من من مەکەن، ماڵی کەس نە ناحەق مەبەن، لەگەل داماوان شەڕ مەکەن و یارمەتیان بدەن و...دووای ئەوە بووک و زاوا دەستی پەیوەندی دەدەن و بە دەوری ئاگردا دەسووڕنەوە و ڕێوڕەسمی زەماوەند بە شایی و هەڵپەڕکێ بەڕێوە دەچێت.

## ئەنجام

بێ شک، چوارچێوەی بیر و ڕا و فەلسەفەی زەردەشتیەکان و موغەکان، پەل و پۆی هاویشتۆتە سەر بیر و باوەڕ و لێکدانەوەی رۆژئاواییەکان؛ بۆ وێنە نیچە بە ئاشکرایی رادەگەیەنێ:"حەق وابوو، فەلسەفە و کولتور و شارەستانیەتی موغەکان و زەردەشتیەکان لە رێگەی یۆنان و رۆمەوە بۆ رۆژئاواهاتبایە، نەک فەلسەفە و شارەستانیەتی یۆنان لە رێگەی رۆمەوە".

لێکۆڵینەوە و نووسین؛ ئاریز ئەندەریاری
arezandaryari@gmail.com
ستکهۆڵم ٢٠ - ٨ - ٢٠١١

## سەرچاوەکان:

١- چنین گفت زرتشت، فریدریش نیچە؛ Thus Spoke Zarathustra
٢- ئەردەشێر ئازەر گەشەسب؛ ئاینی هاوسەریەتی زەردەشتی
٣- چەپکێک گوڵ و چەپکێک نێرگێز؛ مامۆستا هێمن
٤- فەلسەفەی زەردەشت و ئایینی زەردەشتی؛ توێژینەوە و نووسین ، جەلال حاجی زادە
٥- لاپەڕەی ٢٥٠ی ئاسارۆل باقیە؛ ئەبوو رەیحان بیروونی (الباقیە و الجاحز درالمحاسن الاضداد)
٦- گاهشماری و جشنهای ایران باستان،هاشم رضی
٧- چگونه می توان زرتشتی شد؟؛ مؤبد کامران جمشیدی
٨- Zoroaster and the theory of dour elements - Fathir Habashi, Laval University

٩- مجموعه قوانين زردشت يا ونديداد، دارمستتر
١٠- مێژووی کورد وکوردستان،محەممەد مەردۆخی کوردستانی
١١- ماڵپەڕی(هفتەنامە اشو زرتشت)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆشکی کورد نێت - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١١

---

## دەرخستنی چەند ڕاستیەک لەسەر ئاینی زەردەشتی




**ماڵپەڕی پەیسەر**

ئاینی زەردەشت ئاینێکی بەربڵاوی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە و زۆرجار مشتومڕ لەنێوان خاڵێکدا درووست بووە کە ئایا زەردەشت کێ بووە؟ بۆچی ئاینەکەی لەناو چووە؟ موغەکان کێن؟ ئایا ئاڤێستا دەستکاری کراوە؟ کاتێک بە شوێن ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێی دەبینین چەندین بیروبۆچوونی جیاواز دێتە ئاراوە، هەرجارەی ناوێک بەناوی زەردەشتەوە دەکرێت. دەکرێت لەم راپۆرتەدا بگەینە سەرداوێک کە زەردشت کێبووە و بنەماکانی ئاینەکەی چی بوون.

**زەردەشتیەکان کێبوون؟**

"تا ئێستا بەڵگە و ئارگومێنتی زمانناسانەش نەیانتوانیووە ئەم تەم و مژە بڕەوێنن کە زەردەشت خەڵکی کوێیە و بە کام

زمان دواوە. ئەگەر زمانی گاتاکان بە یەکێ لە زمانەکانی خۆرهەلاتی ئێران بزانین، دیسان ناتوانین وەلامی ئەم پرسە بدەینەوە کە ئایا ئەم زمانە زمانی دایکی زەردەشت بووە؟ یان زەردەشت پاش کۆچکردنی بۆ خۆرهەلاتی ئێران لەگەڵ ئەم زمانە، وەک زمانی ئەدەبی و رەسمی ئەو دەڤەرە بەرەوڕوو بووە و سروودەکانی خۆی پێ نووسیوە؟ کەوابوو بەناچار دەبێ لە باسکردن لەمەڕ زێدی زەردەشت خۆ ببوێرین و ئاکامی توژینەوەی زۆربەی ئاڤێستاناسان کە دەڵێن بانگەوازی زەردەشت لە رۆژهەلاتی ئێران دا پەرەی سەندووە قەبوڵ بکەین و بێژین کە زەردەشت کۆنترین بیرمەند و دادگەر و شاعیری ئێرانی لە شوێنێک لە ئێراندا چاوی بە جیهان پشکووت و لە خۆرهەلاتی ئێران پەیام و دینی خۆی ئاشکرا کرد.(١)

بنەچەی ئاینی زەردەشتی دەگەڕێتەوە بۆ میترایی، زەردەشت پەیامبەری گەلی ئاریانە، زەردەشت وەکو وشە بە واتای ئەو کەسەی کە تیشکی خۆری لێدەچۆڕێت و دەدرەوشێتەوە و لەگەڵ خۆیدا خێر و بەرەکەت دەهێنێ. بە پێی لێکۆڵینەوەکان گەلێک زەردەشت هەبوون و لە دوای ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین، هەوڵیانداوە لە بیروباوەڕ و رێساکانی میترایییدا چاکسازی ئەنجام بدەن. دواترین زەردەشت کە لە ئەمڕۆدا بە پێغەمبەر زەردەشت ناسراوە، ناوی "سیمیار"ە و پیرشالیاری زەردەشتی لە (ماریفەتنامە) یەکیدا باسی ئەو سیمیارە دەکات کە دەڵێ لە شاری ئورمیە لە دایکبووە، دواتر چۆتە ئەفغانستان و لە شاری بەڵخ نیشتەجێبووە، بەلام هەندێکی دیکەش باوەڕیان وایە کە ئەو (بەڵخ)ی لە ماریفەتنامەدا هاتووە، ی بەڵخی ئەفغانستان و خۆرهەلاتی ئێران نییە بەڵکو بەڵخی هەورامانە. چونکە لە ژیاننامەکەیدا باس لەوە دەکرێت چۆن چۆتە چیای ئاویەری شاری سنە و نزیکی هەورامان، دایکی ناوی دغدۆیە و باوکی ناوی پورشاسپ و نازناوی بنەماڵەکەیان( ئەسپێنتمان) بووە کە بە واتای سپی ڕەگەز دێت. بە پێی ساڵنامەی سەلوقی یۆنانی دەگوترێت زەردەشت لە نێوان ٦٣٠ - ٥٥٣ی پێش زاین ٦١٨ - ٥٤١ پێش زایین، ٦٢٨ - ٥٥١ پێش زاین ژیاوە، ئەوها بەربلاوە کە زەندی بە زمانی ئارامی نووسیووە. بەلام پەیسەرەکان باس لەوە دەکەن کە ئامۆژگارییەکانی زەردەشت لەناو خەڵکیدا زۆر لەوەو پێش نووسراوەتەوە پێدەچێت ئەو کاتە بە زمانی بزماری نووسرابێت لەبەر ئەوەی نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە زمانی بزماری تاکە زمانی نووسینی ولاتی ئاریان بووە. بە پێی زۆر بۆچۆنی دیکەش باس لەوە کراوە کە زەردەشت خەڵکی "باکتریا" یان خۆرهەلاتی ولاتی ئاریانە و دەکاتە ئەفغانستانی ئەمڕۆ، ئەم بۆچوونە تۆزێک دوورە لە راستیەوە چونکە مادەکان و پەیڕەویان لە زەردەشت کردووە و شوێنەوارەی زەردەشتییش لە کوردستانە زۆرە، زۆرینە پێی وایە کە زەردەشت لە کوردستان لە دایک بووە و هەر لە کوردستانیش ژیاوە و پەیامەکەی خۆی بلاوکردۆتەوە.

### ناوێکی دیکە

هادی موحەمەدی سەربارەت بە ناوی زەردەشت دەنووسێت" ئێستا زۆربەی زەردەشتناسانی ئێرانی و خۆرئاوای تەنانەت لەمەڕ

ناوی "زەردەشت" تووشی هەڵە بووگن و دەڵێن وشەی زەردەشت یانی "خاوەنی حوشتری زەرد". بەڵام بڕوانن عماد الدین دەوڵەتشاهی توێژەری وردبین و شارەزای کورد چەندە زانستییانە و وردبینانە ناوی زەردەشت راڤە دەکات؛ ئەو دبێژێ: "وشەی (زەرەتاوشەترا Zarathushatra) لە زمانی هەورامیدا یانی "ئەی ئەو کەسەی کە وەک تیشکی خۆر ئەدرەوشێ و ئەبارێ".مانای زەرەتاوشەترا لە زاری هەورامی دا بەمجۆرەیە: (زەرە zara) یانی وەک تیشکی زێڕینی خۆر، (تاو tav) یانی درەوشان، تیشکهاویشتن؛ (شەتەرا shatara) یانی بارین؛ (ئا a) یانی هاتووی، دێی. وەک دەبینین وشەی "شەترە" بۆتە هۆی سەرلێشێوانی زۆربەی ئاڤێستاناسان، توێژەران و تەنانەت لایەنگرانی زەردەشتیش. دەوڵەتشاهی هەروەها دەڵێت "زەرەتاوش" یانی کەسێک کە زێڕ و ئاڵتوون دەسازێ؛ زێرینگەر، کەسێک کە گیانی مرۆڤەکان لە ژەنگ و ژار دەپارێزێ و وەکوو زێڕ خاراو و پوختەیان دەکات.(٢)

ناوی "زەرەتاوشەترا" بەشێنەیی و بە تێپەڕینی کات سوا و گۆڕانی بەسەردا هات و لە زمانی کوردی دا بوو بە "زەردەشت" و لە زمانی فارسیش دا بوو بە "زرتشت".

## بیروباوەڕ و ئاتەشگە گەورەکانیان

زەردەشت باوەڕی بە بە دوانەی چاکە و خراپە هەبووە و ئەهورامەزدا خواوەندی چاکەیە و ئەهریمەنیش خواوەندی خراپە. هەر بۆیە زۆرکەس زەردەشتییەت وەکو ئاین سەیر ناکەن، بەڵکو زیاتر وەکو فەلسەفەیەک دەیبینن. بە پێی بیروباوەڕی زەردەشتی ئەهورامەزدا شەش فریشتەی هەیە کە بە فریشتە دەڵێن" ئەشمەسپەندان" بە خودی ئەهورامەزاداوە دەبنە حەوت. بەو حەوت فریشتەیە دەگوترێت جاویدانی پیرۆز، بە واتای نەمران دێت و ئەوانە هاوکاری زەردەشت دەکەن.

### بەرتووکی ئەوان ئاڤێستایە و جێگەی پیرۆزی زەردەشتی ئاتەشگەیە و سێ ئاتەشگەی گەورەیان هەیە.

١- **ئاتەشگەی ئازەر گەشسپ**: ڕووبەری ئەم ئاتەشگەیە ١٢٤ مەتر دووجایە و زەردەشتیەکان باوەڕیان وایە ئەم شوێنە شوێنی دروستبوونی گۆی زەوییە. ئاشتەگەی پاشا و جەنگاوەرانە و لە خۆرهەڵاتی کوردستان بووە. گەشسپ بە واتای ئاگری ئەسپی بەهێزیش دێت و بە تەختی حەزرەتی سلێمانیش ناسراوە. ئەم ئاتەشگەیە شوێنی بەیەک گەیشتنەوەی ئاگر و ئاو و ئاشتبوونەوەیانە و کەوتۆتە شاری تیکاپ لە خۆرهەڵاتی کوردستان. مێژووی ئەم ئاتەشگەیە دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠ ساڵ پێش زاین، ئاگر لەو ئاتەشگەیە بە بێ کوژانەوە ١٠٠٠ ساڵ بەردەوام بووە. بە ڕای زۆرێک لە مێژوونووسان زەردەشت لەو ئاتەشگەیە لە دایکبووە و هەر لەوێ پەروەردە کراوە. لەسەردەمی پارس و ساسانییەکاندا پاشا و جەنگاوەر لەم ئاتەشگەیە

بە بێ تاج و بەرپرسیارێتی خۆیان بە پیرۆز راگرتووە. ئەم ئاتەشگەیە لە ساڵی ٦٢٤ داو لە هێرشی هیراکلیۆسی ئیپمراتۆری رۆمادا ڕووخاوە.

**٢- ئاتەشگەی ئازەرفەریغ**: ئەم ئاتەشگەیە شوێنی موغ یان موبەدەکانە.

**٣- ئاتەشگەی ئازەربەرزین میهر**: ئاتەشگەی جوتیار و سەپانەکان بووە.

## ئاڤێستا لە چەند بەش پێکهاتووە؟

پەرتووکی "پیرۆزی"ی زەردەشتیەکان کە ئاڤێستایە لە سێ بەش پێکهاتووە و هەریەک لەو بەشانەش لە حەوت بەرگ پێکدێت.

**یەکەم**: گاتاکان کە سرودووەکانی خودی زەردەشتن.
**دووەم**: دادەکان کە باس لە قانوون، داد، زانست، هونەر و پیشەکانی سەردەم دەکات.
**سێهەم**: بابەتەکانی شایست و ناشایست و نوێژ و پەرستنە.

## بنەماکانی ئاینی زەردەشت

**یەکەم**: بڕوابوون بە دوانەی چاکە و خراپە، ڕووناکی و تاریکی، ژیان و مردن.
**دووەم**: بیری چاک، گوتەی چاک، کرداری چاک ئامۆژگاری و دروشمی بووە.
**سێهەم**: ئەوان سێ رۆژ بە ڕۆژوو دەبن، ئەو سێ رۆژە بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو سێ رۆژەیە کە بە منداڵی دزراوە و لەناو خۆڵەمێش شاردراوەتەوە. دواتر دۆزیوویانەتەوە و دەرهێنراوەتەوە، لەماوەی ئەو سێ رۆژەدا رێز لەو ئازار و نەهامەتیانەی زەردەشت دەگرن.
**چوارەم**: مانگا لای زەردەشتیەکان پیرۆزە و سەربڕینی بە کارێکی خراپ سەیر دەکرێت چونکە کاتێک زەردەشت دزراوە مانگایەک شیری داوەتێ.
**پێنجەم**: خوای زەردەشت تووڕە و تۆڵەسێن نییە. هەر بۆیە سزای کەسیش نادات بە پێچەوانەوە بەخشندە و لەسەرخۆیە.
**شەشەم**: لای زەردەشت مرۆڤ بەندەی خودا نییە بەڵکو هاوڵ و هاودەمی خوایە.

**حەوتەم**: بە پێی بیری زەردەشت قوربانی لای خوا پەسەند نییە و هاوشێوەی بەرتیل سەیر دەکرێت.

**هەشتەم**: هاوسەر بە پیرۆز دەزانێت و منالّ خستنەوە بە بەردەوامی ژیان دەزانێت، جیابوونەوەش ناپەسەندە، کوڕ و کچ ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوسەر، دەتوانن بە بێ ڕەزامەندی خانەوادە، هاوسەری یەکتر بن.

**نۆیەم**: فرەژنی بە تاوان دەزانێت.

**دەیەم**: پێی وایە ژن و پیاو لەناو گوڵی ڕێواسدا خوڵقێنراون.

**یازدەیەم**: ژن هاوشێوەی پیاو لە بواری ئاین، بەڕێوبردنی ژیاندا خاوەن مافە.

**دوازدەیەم**: چاندن لای زەردەشت پیرۆزە و هانی چاندنی دەدات.

**سیازدەیەم**: ڕووناکی پیرۆزە و کڕنوشی بۆ دەبەن و کڕنووش بۆ خۆر، مانگ، چرا دەبەن. زەردەشت لە لای پارسانیەکان پیرۆزە و ئەو کەسەیە کە ڕۆحی خودای تێدا جێگیربووە.

**چواردەیەم**: سروتی ئاینی زەردەشتی "هۆرە"یە.

## چاکسازی

دیارە لە ئامۆژگاری و پەیامەکانی زەردەشتدا هەوڵی ئەوە دراوە کە لادانی میترایەکان ڕاستبکاتەوە، بە پێی سەردەم باوەڕ و سروشت و لێکترنزیک بکاتەوە لە دیارترین چاکسازییەکانیش ئەوەبووە زەردەشت دەیویست مرۆڤ و خوای هۆرە زیاتر نزیکترین مافی داوە بە مرۆڤەکان خۆیان هۆرە بخوێنن و جیاوازی لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگە نەبێت. هەوڵیشداوە کە مرۆڤ و ئاژەڵ و مرۆڤ و سروشت لێک نزیک بکاتەوە. چونکە دەبینن لە قۆناغی ٤٠٠٠ - ١٠٠٠ ساڵی پێش زاین مرۆڤ و خواوەند، مرۆڤ و ڕووەک، ژن و پیاو زۆر لەیەکتر دوورکەوتبوونەوە و جیاوازی لە نێوانیان درووستکرابوو. لەبەر ئەوەی سیمیار بۆ خۆی (پیری موغان)بووە، توانیوویەتی ئەم کارە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات. دەکرێت بڵێین زەردەشت لەسەردەمی خۆیدا مەزنترین چاکسازی لە باوەڕی مرۆڤەکان کردووە[٣].

## زەند ئاڤێستا

پارسەکان یان فارسەکان دوای کۆمەڵکوژکردنی موغەکان هەستان بە ڕێکخستنەوەی ئامۆژگاریەکانی زەردەشت و پەرتووکی "پیرۆز"یان کردە (زەند ئاڤێستا) واتە ئاڤێستایان بۆ زەند زیادکرد. پێشتر تەنیا "زەند"ی ناوبووە، دواتر ئەمان ئاڤێستایان بۆ زیادکردووە. ئەو پەرتووکە باسی قانوونەکانی زانست، یاسا، دیاردەی شایستە و ناشایستە دەکۆڵێتەوە. دواتریش هەستان بە گۆڕینی ناوی مۆغەکان بۆ مۆبەد گەورەی ئەوانیش کە پێشتر پێی دەگوترا پیری موغان گۆڕا بۆ

مۆبەدی مۆبەدان. ئەمە زیانێکی گەورەبوو بۆ زەردەشتیەکان بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە ئاینی زەردەشتی لەسەردەمی ئەسکەندەری مەکەدۆنی و سەلجووقیەکاندا زیانی مەزنی بەرکەوت، ئەوەش لەبەر ئەوەی یۆنانیەکان دەیانویست بیروباوەڕی خۆیان بچەسپێنن. دواتر لەگەڵ بوزای و مەسیحی و مانی و مەزدەکی ڕووبەڕووبوونەوە. بە هاتنی ئاینی ئیسلام و سەدەی ١١ی زاینی زەردەشتی ئاینی زۆربەی خەڵکی کوردستان بووە. بەهاتنی ئەوانیش وردە وردە بەهۆی فتوحات و داگیرکارییەوە ئاینی ئیسلام بوو بە ئاینی یەکەمی کوردستان.

## هۆکاری لاوازبوونی ئاینەکە

بەهۆی ئەو داگیرکاریانەی کوردستان ڕووبەڕووی بۆتەوە و هەوڵی دەسەڵاتداران بۆ گونجاندنی زەردەشتی لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییەکانیاندا بیروباوەڕی زەردەشت نەیتوانی بگاتە دوامەنزڵگەی خۆی. ئەوەی هەیە کۆکراوە و نووسینەوەی زەندی ئاڤێستا لە لایەن پارسەکانەوە نووسراوەتەوە، دواتر ساسانییەکان ڕێکیان خستۆتەوە، ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە بە پێی ویستی خۆیان ڕێکخراوەتەوە. واتە بە ئارەزووی خۆیان دەستکاریان کردووە.

سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە داوە داریوشی یەکەمی پادشای هاخەمەنیشی لە خانەوادەی کۆرش نییە، بەڵکو بە هاوکاری ئەو جولەکانەی کە لەلایەن ئاشوری و بابلەکانەوە ڕاگوێزران و هاتبوونە وڵاتی مادەکانەوە، سەرکەوت بەسەر بنەماڵەی کورش و ماددەکان، توانی ڕاپەڕین سەرهەڵدانی کە یەکێک لە موغەکانی زەردەشت بەناوی گئۆماتای موغ و فراوەرتیسی ماد بەرپایانکردبوو، سەرکووتیان بکات.

مێژوونووسان باس لەوەدەکەن کە لەو سەردەمەدا نزیکەی حەوت هەزار کەس کۆمەڵکوژکراون و زۆرێک لەوانە لە موغەکان بوون. ئەو ڕووداوە بە ڕێکەوتنی نێوان جولەکە و داریوش دەناسێندرێت، ئامانجی جولەکەکان لەوکارە گەڕاندنەوەیان بووە بۆ وڵاتەکەی خۆیان بۆ ئەوەی بەسەربەستی بژین. هەردوولایان توانیان بە ئامانجی خۆیان بگەن داریوش گەیشتە دەسەڵات و جولەکانیش گەڕانەوە وڵاتی خۆیان. بەڵام ئیتر لێرە بە کوژرانی موغەکان ئاینی زەردەشتی پەرتەوازەبوون و مادەکانیش توانیان بەشێکی زۆر لە زەردەشتی بەتایبەتی زەند ئاڤێستا دەستکاری بکەن.

## سیستمی فەلسەفی زەردەشت چۆن کار دەکات؟[۴]

**ئەهورا** (ahoora): تێرمی "ئەهورا" لە ئەندێشەی زەردەشت دا ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێرێت و وەک مەزنترین هێزی بەدیهێنەر و

بەرەوپێشبەر دەناسرێت.

**ئەمشاسپەنتە** (amesha spenta): ئەمشاسپەنتان، یانی شەش گزنگی پاک و پیرۆز و نەمر. ئەمشاسپەنتان بریتین لە شەش گزنگ/فریشتە کە جیهانی سروشت و جیهانی مینوویی دەپارێزن. سپەنتەمینو یان ئەهورا مەزدا لە بەرزترین پلە و لەسەرەوەی ئەم شەش گزنگە دایە. پاشان ئەم شەش گزنگەی خوارەوە دێن:

**ئەشا**(asha): بە مانای راستی، بەمانای رەوت و ریتم و هارمۆنی گەردوونی و جیهانی، هێزێک کە جیهان بەرەو پێش دەبات، هێزێک کە دۆخی جیهان سامان دەدات. بە پێی جیهانبینی زەردەشت، هاوکات لەگەڵ بەدیهاتنی جیهان، ئەشا بەدیهاتووە؛ کاری ئەشا بریتییە لە بزاڤ و بزواندن و گەشە و پێشبردنی جیهان. تێرمی ئەشا لەگەڵ رۆحی جیهانی ئەفلاتوون و رۆحی سەردەمی هێگل بەراورد بکە. پورداود لەمەڕ دوو وشەی گاتایی "ئەشا" و "ئەشو" دبێژێ: "ئەشا بە مانای راستی و دروستی و یاسای یەزدانی و ئەخلاقی پاکە؛ هەروەها ئەشو لە وشەی "ئەشاوەنت"سەرچاوە دەگرێت، یانی مرۆڤێک کە راستی و دروستی پێرەو دەکات: راستکردار". ئەشا لە زمانی فارسی ئێستادا بۆتە ئوردیبەهەشت." لێرەدا دەبێ ئاماژە بەم راستییە بکەم کە ئەم دوو وشەیە لە زمانی کوردی ئێستادا شێوازی تازەتری بەخۆوە گرتووە و تا ئێستاش هەر بەکار دێت، چەندین وشەی وەکوو: ئەشێ، بشێ، ئەشیا، مەشیا، شیاو، شایان، لێوەشاوە و ...، چ لەباری فۆنەتیک و چ لەباری ماناوە لە دوو وشەی ئەشا و ئەشوو نزیکن و هەموویان خاوەن مانای باش و پۆزەتیڤن.

**ڤەهومەنا**(vahumana): ئەم دەستەواژەیە لە دوو وشەی "ڤەهو" بە مانای باش، پاک، چاک، و "مەنا" بە مانای ئەندیشە، دەروون، مەبەست پێکدێت؛ کە پێکەوە دەبێتە ئەندێشەی پاک/دەروونی پاک. بەگشتی مانای ئەم چەمکە دەبێتە بەرزترین و باڵاترین ئەندێشە کە سروشت و گەوهەری ئەقڵی جیهانساز پێکدێنێت.

ئەم وشەیە لە زمانی فارسی ئێستادا بۆتە بەهمن، هومەن، لە کوردیش دا دوو وشەی هێمن و ئەهوەن زۆر لەم وشەوە نزیکن.

**خشەترا**(khshatra): وشەی خشەترا بەمانای وزە و توانایە؛ هەروەها راڤیاران چەندین مانای تریان لێ هەڵێنجاوە: زاڵبوون بەسەرخۆدا، دەسەڵاتی خودایی، وزە و توانای مرۆڤ و دەسەڵاتی ئەندێشە، هێزی ئیرادە و کۆشش، وڵاتی ئەهورایی، هەروەها بەمانای هێزی سەروەری و سازگاری. خشەترا وەک گزنگێکی ئەهورایی، هێما و نیشانەی هێزێکی بەدیهێنەر و بەرەوپێشبەرە، نەک هێزێکی کاولکار و روخێنەر. یانی کاری ئەهورا بەدیهێنانی هەستی و خۆشی و شادییە،

بەهۆی وزە و تین و توانای ئەهورایی بەردەوام دۆخی هەستی پەرەدەستێنێ. ڤەهومەنا/ئەندێشەی پاک ئەگەر لە مێشکی مرۆڤ دا بمێنێتەوە دەڕزێت و دەفەوتێ، کەوابوو تا کارا نەبێ و بەکار نەبرێ ناپشکوێ. خشەترا چونکە لەگەڵ ئەندێشەی پاک لە پێوەندی دایە، کەوابوو بریتییە لە کارێک کە ڤەهومەنا ئاشکرا و پراکتیزە دەکا. بەپێی ئەم وتانە، خشەترا کردارێکە کە بەپێی ڤەهومەنا پێکهاتووە، کەوابوو دەبێتە کرداری پاک؛ هەندێ لە وەرگێڕان لەجیاتی کرداری پاک، چەندین چەمکی وەک خزمەت بە خەڵک، هەوڵدان بۆ گەشە و ئاوەدانی و ... بەکار دێنن. خشەترا لە ئاڤێستادا، ناوی سێهەمین ئەمشاسپەنتە کە لە زمانی پەهلەوی دا بۆتە خشەتریڤەر و لە فارسی دا بووتە شەهریوەر. خشەترە لە ئاڤێستادا هێمای فەڕ و شکۆ و دەسەڵاتی ئەهورا مەزدایە. هەروەها دەکرێ بڵێین کە خشەترا لە زمانی فارسی و کوردی ئێستا دا بۆتە کردار، کردە.

**ئارمەیتی**(armatii): لە گاتاکان دا بەمانای ئارامی، مێهرەبانی، هێمنی، خۆڕاگری بەکار هاتووە. ئارمەیتی یانی جۆرێک ئارامی مادی و مینوویی کە لە راستی هەوێن دەگرێ، ئارمەیتی یانی دڵئارامی، دەروونی ئارام. پوختەی دیدگا و جیهانبینی زەردەشت ئەمەیە کە ئەگەر مرۆڤ بەشێوەی بەردەوام خاون ئەندێشەی پاک بێ و ئەم ئەندێشەیە بە کرداری پاک بنەخشێنێ، ئەوجار دەتوانێ بە ئارامی دەروونی/دڵئارامی بگات و بەرەو پوختەیی و ژیانی جاویدان بڕوات. ئارمەیتی ئاکامی دەسەڵاتی "ئەشا"یە بەسەر جیهان دا. ئارمەیتی لە ئاڤێستادا پارێزەری زەمینە و چوارمین ئەمشاسپەنتە، لە مێژووی مەزدایی دا دوانزەهەمین مانگی ساڵ بە ناوی ئارمەیتی ناو نراوە و پێنجمین رۆژی رەشەمە بە رۆژی جێژن ناسراوە.

**هەروتات**(haurvtat): بەمانای پوختەیی و پێگەیشتوویی، هەروەها بە مانای خۆناسین، خاراوبوون و تەندروستی. لە گاتاکان دا هەروتات بریتییە لە گزنگێکی ئەهورایی کە بەردەوام لەگەڵ ئەمرتات دێت. ئەم وشەیە لە زمانی فارسی دا بۆتە خورداد بەمانای خودای پارێزەری ئاوەکان.

**ئەمرتات**(amertat): بە مانای نەمریی و ژیانی جاویدان. ئەمرتات بریتییە لە گزنگێکیتری ئەهورایی. کەسێ کە بەپێی ئەندێشەی پاک بە قۆناغی پوختەیی بگات و خاراو ببێت، بە ئەمرتات/ نەمری دەگات. وەکچۆن زەردەشت بە قۆناغی ئەمرتات گەیشت و بەمجۆرە نەمر بوو. ئەمرتات لە گاتاکان دا شەشمین ئەمشاسپەنتە و پارێزەری گیا و درەختانە. رۆژی هەفتمی مانگی گەلاوێژ بە رۆژی جێژنی ئەمرتاتان ناسراوە.

١- جەلیل دوستخواە "مقدمه"

٢- کوهەای ناشناختە اوستا

٣- خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان؛ دیار غەریب

٤- زەردەشت: مێژوو، زمان، کولتور، ناسنامە؛ هادی موحەمەدی

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠١٩

---

## بیری چاک - وتەی چاک - کرداری چاک




---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧٢٢ی کوردی = مای ٢٠٢٢ی زایینی**